# Geographical Analysis of Population Growth of Soran District (1987-2020)

Erivan Akram Abdul Jabbar[1], Amanj Ahmad Hamdamin Dewana[2]
Department of geography, faculty of art, soran university
*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.14*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

Population geography is one of the most important topics of human geography, and the study of population has been of interest to researchers since ancient times in the side of (number, size, density, composition and patterns of distribution). In order to conduct a comprehensive assessment of the areas inhabited by the population, and to identify problems and find appropriate solutions to these problems. These studies are significant because they can be used to determine the population growth of the area, which helps to formulate an appropriate scientific plan to serve the population better. The population of the study area has changed a lot in terms of population growth during the study period. Due to the natural (birth and death) and unnatural (migration) increases, this requires research to present the most important changes in population size and their causes, as well as to analyze them. The aim is to analyze population growth and present data and information on this subject, in order to be used by the officials of the district in order to develop appropriate plans to develop the district and provide the best services to its residents. In order to reach the conclusions of the research and on the base to reach the research, we have divided the research into an introduction and two topics in addition to the conclusions and recommendations.

***Keywords:*** *Population, Growth, district.*

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی قەزای سۆران (١٩٨٧-٢٠٢٠)

ئێریڤان اکرم عبدالجبار　　　　پ. ی. د. ئامانج احمد حمدامین
دیوانە
زانکۆی سۆران　　　　زانکۆی سۆران
erivan.abduljabbar@soran.edu.iq　　　　amanj.hammadamin@soran.edu.iq

**پوختە**

جوگرافیای دانیشتوان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیای مرۆیی، و هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا، توێژینەوە لە بارەیەوە جێی بایەخی توێژەران بووە، توێژەران بایەخیان بە بابەتی دانیشتوان لە ڕووی (ژمارە، قەبارە، چڕی، پێکهاتە و شێوازەکانی دابەشبوونیان) داوە بۆئەوەی لە ڕێگایانەوە بتوانن هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ ئەو ناوچانە بکەن کە دانیشتوانی تیادا نیشتەجێن، لە پێناو دەستنیشانکردنی گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گرفتانە. ئەم توێژینەوانە گرنگن، چونکە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت گەشەی دانیشتوانی ناوچەکە دەستنیشانبکرێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دارشتنی پلانێکی زانستیی گونجاو بە ئامانجی خزمەتکردنی زیاتری دانیشتوان، دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی گەشەی دانیشتوانەوە لە ماوەی توێژینەوەدا بە هۆی زیادبوونی سروستی (لەدایکبوون و مردن) و ناسروشتی (کۆچ) گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەیە بۆئەوەی گرنگترین گۆڕانکاری لە قەبارەی دانیشتوان و هۆکارەکانی بخەینەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامبدەین. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوان و خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بەم بابەتە، بە ئامانجی ئەوەی لە لایەن لێپرسراو و کاربەدەستانی ناوچەکە سوودی لێ ببینرێت بە مەبەستی دانانی پلانی گونجاو بۆ پێشخستنی قەزاکە و دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانەکەی، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر پێشەکییەک و دوو تەوەرە بێجگە لە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکاندا دابەشکردووە.

**وشە کلیلییەکان:** گەشەی دانیشتوان- شار- گوند- زیادبوونی سروشتی- کۆچ- قەزای سۆران.

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی قەزای سۆران (١٩٨٧-٢٠٢٠)

## پێشەکی

جوگرافیای دانیشتوان بە یەکێک لە لقە نوێیەکانی جوگرافیای مرۆیی دادەنرێت، بەڵام زۆر خێرا سەرنجی جوگرافیناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و گرنگییەکی زۆریان پێدا. ئاساییە جوگرافیای دانیشتوان بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاری بدات، و لە جیاوازیی تێکڕاکانی گۆڕان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بکۆڵێتەوە، هەوڵبدات هۆکاری ئەم جیاوازییە بخاتەڕوو. چونکە کۆمەڵگەی دانیشتوان هەمیشە جوڵەیەکی بەردەوامیان تیادایە، کە کاریگەرییەکەی لە زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان و کەمبوونەوەیدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا هیچ کۆمەڵگایەکی دانیشتوان نییە لە بارێکی جێگیردا بێت، دانیشتوان لە گەشەی بەردەوامدان، ئەم گەشەی دانیشتوانەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لە ڕووی گەشەوە گەر بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ ڕوویدات دەبێتە گرفت، لێرەدا شیکردنەوەیەک بۆ گەشەی دانیشتوانی قەزای سۆران ئەنجامدەدەین و هەوڵی خستنەڕووی تەواوی گۆڕانکارییەکان لە قەبارەی دانیشتوان دەدەین، بە زیادبوون بێت یاخۆد کەمبوونەوە لە ڕێگەی هەردوو گەشەی سروشتی (لەدایکبوون و مردن) و ناسروشتی (کۆچ)، لە پێناو داڕشتنی پلانی گونجاو و بەرەوپێشبردنی قەزاکە.

### ١-کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە بەرزی و نزمیی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا لە قەزای سۆران لە لایەک، و لە لایەکی ترەوە، خێرایی گەشەی دانیشتوان و جیاوازیی ئەم گەشەیە کاردەکەنە سەر پلاندانان و چالاکییەکانی تری وەک دابینکردنی زەوی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان.

### ٢-گرنگیی توێژینەوە:

لە ڕووی گەشەی دانیشتوانەوە قەزای سۆران گۆڕانی بەرچاوی بەخۆە بینیوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەر بووە گرنگترینیان هۆکاری سیاسی و کارگێڕییە، کە بوونەتە هۆی بەرزی و نزمیی گەشەی دانیشتوان، دەکرێت ئەم توێژینەوەیە بە بنەمایەکی زانستی دابنرێت بۆ داڕشتنی پلانەکانی پەرەپێدان و پێشخستنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا.

### ٣-گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی لێکۆڵینەوە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێت:

١-گەشەی دانیشتوان لە قەزای سۆران بە ڕێژەیەکی بەرز گەشەدەکات.

٢-گەشەی سروشتی و کۆچ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٣- فاکتەرە سیاسییەکان و خزمەتگوزارییەکان لەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان لە قەزای سۆران.

**٤-میتۆدی توێژینەوە:**

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا میتۆدێک یاخود زیاتر بەکاردەهێنرێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی (هەڵێنجاندن، بەراوردکاری، شیکاری، مێژووی، وەسفی) بەکاردەهێنین، بۆ شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای سۆران. بەپێی ئەو میتۆدانە لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە ئەنجامدراوە:

١- کوکردنەوەی داتا و زانیاریی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، و پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستیی نووسرا و بڵاوکراوەکانەوە، و ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی پێویستی، هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتن.

٢- داتا و زانیارییە کۆکراوەکان بە شێوەی نەخشە و خشتە و شێوە پیشاندراون.

**٥-سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە و چوارچێوەی کات و شوێنی لێکۆڵینەوە:** قەزای سۆران یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر. نەخشەی (١) لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە قەزای سۆران دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانیی ('٢٤ °٣٦ - '١١ °٣٧)ی باکووری گۆی زەوی و هەردوو هێڵی درێژیی ('١٥ °٤٤ - '٥٤ °٤٤)ی ڕۆژهەڵاتدا. نەخشەی (٢) لە ڕووی ڕووبەرەوە قەزای سۆران بە پلەی دووەم دێت، کە دەگاتە (٢١٢٩)کم$^{٢}$ بە ڕێژیی (٣،١٤٪)ی کۆی گشتیی ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت، (رشید، ٢٠١٤، ل٩٤) و لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای سۆران جگە لە ناحیەی سەنتەر(٣) سێ ناحیەی تر لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە: (خەلیفان، دیانا، سیدەکان). (نەقشبەندی، خطاب، ٢٠١٩، ل٢١). لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانی بەگوێرەی دوایین ئاماری ساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتوانی قەزای سۆران بریتین لە (٢٠٥٢٦٨) کەس و ڕێژەی (٩،١٪)ی کۆی گشتیی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت. (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٠). لە ڕووی کاتەوە بۆ توێژینەوەکەمان ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) هەڵبژاردووە، بۆیە ئەم ماوە زەمەنییەمان هەڵبژارد، چونکە لەو ماوەیەدا قەزای سۆران گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە کە کاری کردووتە سەر گۆڕانکاریی دانیشتوان لە ڕووی گەشەوە.

**٦-ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی جوگرافیی گەشەی دانیشتوانی قەزای سۆران لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠)، و دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیانەی کە بەسەر دانیشتوانی قەزاکەدا هاتووە، وەک گۆڕانی قەبارەی دانیشتوانی ناوچەکە بە هەردوو شێوازی زیادبوونی سروشتی (لەدایکبوون و مردن)، و زیادبوونی ناسروشتی لە ڕێگەی (کۆچەوە). ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی زانستی و نیشتیمانی و داڕشتنی پلانێکی گونجاو بۆ پێشخستنی قەزاکە.

**٧-پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان دابەشکردووتە سەر دوو تەوەرەی سەرەکی، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە گەشەی دانیشتوان دەکەین لە قەزای سۆران بە هەردوو شێوازی زیادبوونی سروشتی

(لەدایكبوون و مردن)، و زیادبوونی ناسروشتی (كۆچ)ەوە. لە تەوەرەی دووەمدا ئەو هۆكارانەی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان باس دەكەین. لە كۆتاییدا نووسینی چەند دەرئەنجام و پێشنیازێك، و خستنەڕووی پاشكۆ و لیستی سەرچاوەكان.

**٨-ئاستەنگەكانی بەردەم توێژینەوەكە:**

لەماوەی ئەنجامدان و نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕووبەڕووی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووتەوە كە هاتوونەتەپێش، لەوانە:-

١- كەمیی سەرچاوەی زانستی و نووسینی ئەكادیمی لەسەر ناوچەی لێكۆڵینەوە، و كەمیی داتا و ئاماری بڵاوكراوە، هەروەها جیاوازی و بوونی هەڵە لە هەمان داتای وەرگیراو لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر.

٢- نەبوونی داتای تۆمارەكانی لەدایكبووان و مردووان لە ساڵانی زوودا و كەمی و بوونی هەڵە لەو داتایانەدا، لەم ساڵانەی دوایی بەهۆی تۆمارنەكردنی بە تایبەت تۆمارنەكردنی مردووەكان مەگەر بۆ كاری پێویست نەبێت.


٣- نەبوونی داتا و زانیاریی ورد تایبەت بە كۆچی دانیشتوان لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا.

٤- ڕوودانی گۆڕانكارییە كارگێڕییەكان لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا بۆتە هۆكاری سەختیی بەدەستكەوتنی داتا، ئەمەش وای كردووە نەتوانی ئاماژە بە گشت ساڵێكی ماوەی لێكۆڵینەوەكە بكەین بە هۆی نەبوونی داتا.

٥- لاوازیی دامودەزگاكانی حكومەت لە ناوچەی لێكۆڵینەوەدا، لە ڕووی هەبوونی داتای تایبەت بە ناوچەكە.

### نەخشەی (١)


### شوێنی جوگرافیی قەزای سۆران بە گوێرەی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc GIS Arc Map 10.8)، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی(GIS)، (٢٠٢٢).

### نەخشەی (٢)

### شوێنی فەلەکیی قەزای سۆران




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ( Arc GIS Arc Map 10.8)، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی(GIS)، (٢٠٢٢).

## ١-گەشەی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان واتە گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە و ماوەیەکی دیاریکراودا، و بە سادەترین مانا بە واتای جیاوازیی نێوان ڕێژەی لەدایکبوون و مردن دێت، ئەمەش بە (زیادبوونی سروشتی) ناسراوە، گەشەی دانیشتوان بە زاراوەی گۆڕانی دانیشتوان ناودەبرێت، چونکە گەشەی دانیشتوان وەک چەمکێک تەنها بە مانای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان نییە،

بەڵکو بە مانای کەمبوونەوەشە. (حسن، ٢٠١٤، ص٤) کەواتە گەشەی دانیشتوان بە دوو فاکتەری دیموگرافی کاریگەر دەبێت. یەکەمیان گەشەیەکی دینامیکیی سروشتییە، کە دانیشتوان بە شێوەیەکی سروشتی دەگۆڕێن (زیاد یان کەم دەکەن). دووەمیان. بەهۆی گۆڕانی شوێنە واتە کۆچ (زیاد و کەم) دەکەن، هەردوو فاکتەر پێکەوە کاردەکەنە سەر گەشەی دانیشتوان، (أحمد و ئەوانی تر، ٢٠٢٢، ل١١١) تێکرای گەشەی ساڵانە، لە گرنگترین پێوەرەکانە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەی دانیشتوان و ئاماژەشە بۆ ئەو گۆڕانەی کە بەسەر قەبارەی دانیشتواندا دێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا. (یوسف، ٢٠١٥، ل١) گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان لە توێژینەوەی دانیشتواندا، بەو پێیەی دانیشتوان بە سروشتی دینامیکی تایبەتمەندە بەهۆی زیادبوون و کەمبوونەوەی ژمارەیی. لە نێوان توخمەکانی جوڵەی دانیشتوان کۆچ هەیە، و کاریگەرییەکەی بە زۆری بە زیادکردن یان کەمبوونەوە بەپێی ڕەوتی کۆچ دیاریدەکرێت، کۆچی هاتوو نوێنەرایەتی فاکتەری زیادبوون دەکات، لە کاتێکدا کۆچی جێهێشتن هۆکارێکی کەمبوونەوەیە. (جبار، ٢٠١٢، ص٧٩) کە دواتر هەردوو فاکتەری سروشی (لەدایکبوون و مردن) و کۆچ پێکەوە کاردەکەنە سەر گەشەی دانیشتوان.

هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی یەکێکە لەو ناوچانەی کە وەک زۆرێک لە وڵاتانی تر گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی (محمد، ٢٠١٢، ص٢٤)، لەبەر ئەوەی داتاکانی لەدایکبوون و مردن لە هەرێمی کوردستان کەم و کورِی تێدایە و وێنەیەکی ڕاستەقینەمان ناداتێ لەسەر گەشەی دانیشتوان و تەنها بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەتوانرێت گەشەی دانیشتوان بزانرێت. (صالح، ٢٠١٥، ل١١)، سروشتی ناوچەکە و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی بەسەر ئەو ناوچەیە داهاتووە کاریگەری لەسەر دانیشتوان هەیە لە ڕووی ژمارە و گەشە و دابەشبوونیانەوە، بە جۆرێک لە کۆنەوە ئەو ناوچەیە لانکەی نیشتەجێبوونی کۆنترین جۆری مرۆڤ و سەنتەری کۆبوونەوەی دانیشتوان بووە، بۆیە ئەو ناوچەیە شوێنێک بووە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا.

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین بایەخی گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٨٧-٢٠٢٠) بخەینەڕوو. و باس لە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان بکەین، چونکە توێژینەوە دەربارەیان گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، و بوونی جیاوازی و گۆڕان لە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان ڕەنگدانەوەی لەسەر جیاوازیی گەشەی دانیشتوان دەبێت. گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان ئەنجامی دوو ڕەگەزی سەرەکییە کە بریتین لە زیادبوونی سروشتی و کۆچ (کۆچی هاتوو و کۆچی ڕۆیشتوو). لەبەر گرنگیی ئەم دوو ڕەگەزە و کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی دانیشتوان لە خوارەوە بە وردی باس لە هەریەک لەم ڕەگەزانە دەکەین:

## ١-١زیادبوونی سروشتی

پێی دەوترێت داینامیکی سروشتیی دانیشتوان یان گۆڕانی سروشتی دانیشتوان، هەروەها یەکێکە لەو دوو جوڵەی دانیشتوان کە کاریگەری لەسەر گۆڕانی دانیشتوان هەیە لە هەر ناوچەیەک لە ناوچە جوگرافییەکان. (طالب، علاءالدين، ٢٠٠٩، ص٥٢) زیادبوونی سروشتی یان گەشەی سروشتی، واتە جیاوازیی نێوان ژمارەی لەدایکبوونەکان و ژمارەی مردنەکان، (السعدي، ٢٠١٤، ص٢٥٧)، کە قەبارەی دانیشتووان لە ماوەی ساڵێکی دیاریکراودا زیاددەکات یان کەمدەبێتەوە بەهۆی زیادبوون یان کەمبوونەوەی لەدایکبوون بەسەر مردنەکاندا، (لبيب، ٢٠٠٤، ص٧١)، زیادبوونی سروشتی بەتەنها کار لە قەبارەی دانیشتوان ناکات، بەڵکو کاریگەری بۆسەر گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی تریش دەبێت، وەک پێکهاتەی (جۆر و تەمەن). (تۆفیق، ٢٠٠٩، ل٢٤) سەرەڕای ئەوەی لەدایکبوون و مردن بە دوو دیاردەی بایۆلۆجی جیاواز دادەنرێت، بەڵام چەند فاکتەرێکی تری، وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی و بایەلۆژی لە نێوان گەل و نەتەوەکان و ناوچە جیاوازەکاندا هەن، کە پەیوەندیدارن بە توانای پیتاندن و ژنهێنان و شووکردن و فرەژنی، کە کار لە جیاوازیی ئەم ڕێژەیە دەکەن. (حسێن، ٢٠١٣، ل٣٠) هەموو توێژینەوەیەکی لەدایکبوون و مردن، لەسەر ئاستی ناوچەکان و دەوڵەت، پێویستی بە ئاماری زیندوو هەیە، (غەفور، ٢٠٠٥، ل١٥٩) بۆ لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان پشت بەو ئامارە فەرمییانە دەبەسترێت کە لە هەرێم کراوە سەبارەت بە (لەدایکبوون و مردن) لەگەڵ ئەوەی ئەو ئامارانەش کەموکورتیان تێدایە، بەڵام دەتوانرێت ڕاستییەکی گشتیمان بداتێ لەسەر گەشەی سروشتیی دانیشتوان. (محمدامين، ٢٠١٤، ل٢١٥) بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەی سروشتیی قەزای سۆران، هەریەک لە دیاردەکانی لەدایکبوون و مردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەخەینەڕوو.

### ١-١-١ لەدایکبوون

یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە کاریگەری لەسەر زیندوویی و پێکهاتەی دیمۆگرافیا هەیە، چونکە تاکە سەرچاوەی زیادبوونی سروشتییە بۆ دانیشتوان. (توفيق، ٢٠١٥، ص٦٧) منداڵبوون کاریگەرترین ئامرازە بۆ گەشەکردن و گەشەکردنی دانیشتوان، و ڕێژەی منداڵبوون لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەهۆی کاریگەریی هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. (الداوودي، ٢٠٠٣، ص٨٥) لەبەرئەمە بە تەنها بیرۆکەیەکی ڕاستیمان ناداتێ لەسەر گەشەی دانیشتوان ئەگەر بێت و بەراورد نەکرێت بە ژمارەی دانیشتوان، چونکە ژمارەی دانیشتوانیش گۆڕانی بەسەردادێت. (صالح، ٢٠١٥، ل١٣)، لەدایکبوون هۆکارێکی بایۆلۆژییە، کە پەیوەندیی بە خواستی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش پێچەوانەی مردنە کە بە خواستی مرۆڤ نییە، وێڕای ئەوەی لەدایکبوون دەرکەوتەیەکی بایەلۆژییە بەڵام پەیوەندی بە چەندین هۆکاری تری وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. (حسێن، ٢٠١٣، ل٣٠) هەروەها هۆکارێکی سەرەکییە لە کۆنترۆڵکردنی هەر کۆمەڵگایەک لە ڕووی گەشە و پێکهاتە و کەمکردن و بەردەوامبوونی لەهەمان کاتدا. (ئیسماعیل، ٢٠١٥، ل٧٧) بۆ زانینی ڕێژەی لەدایکبوون و ڕۆڵی لە زیادبوونی سروشتیی

دانیشتوان هاوکێشەی (ڕێژەی گشتیی لەدایکبوون) بەکاردەهێنین، کە ڕێژەی لەدایکبوونی زیندووی ساڵێکی دیاریکراومان دەداتێ بە بەراوردکردن لەگەڵ هەر هەزار کەسێکی سەرجەمی دانیشتوان لە نیوەی هەمان ساڵدا لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو، (حدیثی، ٢٠١١، ص١٨٩) بەم شێوەی خوارەوە:-

ڕێژەی لەدایکبوونی گشتی= $\frac{\text{ژمارەی لەدایکبوون لە ساڵێکی دیاری کراودا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە ناوەراستی ساڵدا}}$ × ١٠٠٠ (سهاونە، سمحە،٢٠٠٩، ل١٦)

داتاکانی لەدایکبوونی قەزای سۆران وەک تەواوی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان هەڵە و کەم و کورتی تێدایە و وێنەیەکی ڕاستەقینە نادەن، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- نەبوونی یاسایەکی توند (ألزامي) کە هاووڵاتییان ناچار بکات لەدایکبوون تۆماربکەن.

٢- دانیشتوان بە تایبەت گوندنشینەکان هەست بە بایەخی زانستیی تۆمارکردنی لەدایکبوون ناکەن، هەر بۆیە کەمتر گرنگی بە تۆمارکردنی لەدایکبووانیان دەدەن. (محمود، ٢٠١٣، ل١٩)

٣- مردنی منداڵان لە سەرەتای تەمەنیاندا دەبێتە مایەی تۆمارنەکردنیان.

٤- ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێگای پرۆسەی تۆمارکردن، لەگەڵ خەرجیی زۆر و گێرمە و کێشە بە تایبەتی لە لادێکاندا. (تالب، ١٩٩٩، ل٥٦)

٥- زۆربەی حاڵەتەکانی لەدایکبوون لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕوودەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەدایکبووان لە کات و ساتی خۆی تۆمار نەکرێن، تەنها لە کاتی پێویستدا تۆماری دەکەن. (شوانی، ٢٠٠٧، ل٢٧)

٦- کەمتەرخەمیی فەرمانبەران و دامەزراوە حکومییەکان لە پارێزگاریکردن لە داتا تۆمارکراوەکان.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانە و بە هۆی نەبوونی داتاکانی لەدایکبوون لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) لە قەزای سۆران کە پێشتر ناوی قەزای صدیق بووە پاشان ناوی گۆڕاوە بە سۆران، و نەبوونی داتای لەدایکبوون لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٢) لە پارێزگای هەولێردا ناچار بووین پشت بە داتای ساڵی (١٩٩٣) بەرەو سەرەوە ببەستین، تاکو بتوانین شیکردنەوەیەکی ڕوون دیاربخەین، سەرەڕای ئەو کەم و کورییانەی کە لە داتاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەن، بەڵام ناچارین پشتیان پێببەستین، چونکە هیچ داتایەکی دیکەمان لە بەردەستدا نییە.

بە پشتبەست بە هاوکێشەی ڕێژەی گشتی لەدایکبوون و بە سەیرکردنی خشتە و شێوەی (١) بۆمان دەردەکەوێت لە ماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠) تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆران (لە هەزارا) (٢١،٣) بووە، و لەهەمان کاتدا لە پارێزگای هەولێردا (٢٢،٧) (لە هەزاردا) بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیەش جێگیرنەبووە بە درێژایی ساڵانی لێکۆڵینەوە لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدا بووە، بە شێوەیەک کە بەرزترین ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا کەوتووتە ساڵی (١٩٩٣)، کە ڕێژەکەی (لە هەزاردا) (٣٥،٢) بووە، کەچی بەرزترین ڕێژەی لەدایکبوون لە پارێزگای هەولێردا کەوتووتە ساڵی (٢٠١٦)دا، کە ڕێژەکەی (لە هەزاردا) (٢٨،٥) بووە، بەرزیی ڕێژەی لەدایکبوون لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە قەزای سۆران دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیربوونی

بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا، ئەمەش لەدوای ئەوە دێت کاتێک هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ڕووبەڕووی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی دژوار بووەوە، بەڵام لە ساڵانی دواتردا بارودۆخەکە ئارامبووەوە و لە ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران، و سەقامگیری گەڕایەوە بۆ تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کورد کە کۆچیان کردبوو بۆ دەرەوەی وڵات گەڕانەوە کوردستان و بە تایبەتیش ژمارەیەکی زۆر لەو گەڕاوانە لە قەزای سۆران نیشتەجێبوون. لەبەر ئەمە و سەقامگیربوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری وایانکرد ژیان ئاسایی بێتەوە و لە ساڵی ١٩٩٣ دا بارودۆخ ئارام و سەقامگیر بوو. پێشتر بەشێک لە گوندنشینەکان منداڵەکانیان تۆمارنەکردبوو، بەڵام گواستنەوەیان بۆ شارەکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە قوتانخانە تۆماربکەن، بۆیە ناچاربوون ناوی منداڵەکانیان تۆماربکەن و تەسکەرەیان بۆ دەربکەن. هەرلەبەر ئەمەشە ژمارەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا بەرزە لەم ماوەیەدا. (مظفر ڕسول عبدالرزاق، ٢٠٢٢) بەڵام هۆکاری بەرزیی ڕێژەی لەدایکبوون لە ساڵی (٢٠١٦)دا لە پارێزگای هەولێردا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و گرنگیدانی دانیشتوان بە تۆمارکردنی لەدایکبووان، ئەمە جگە لە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تۆمارکردنی لەدایکبووان لە لایەن خاوەنەکانیان لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا و دەبێت لە ماوەی ئەو (١٥) ڕۆژەدا خاوەن منداڵ لەدایکبووەکە سەردانی بەشی لەدایکبوون بکات بۆ تۆمارکردنی منداڵەکەی، چونکە ئەگەر بێت و لەو ماوە دیاریکراوەدا منداڵەکەیان تۆمارنەکرد دەبێت سەردانی دادگا بکەن بۆ تومارکردنی منداڵەکانیان، ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە کە دانیشتوان ناچاردەکات بە تۆمارکردنی منداڵەکانیان لە ماوەی دیاریکراودا تاوەکو دووچاری کێشە نەبنەوە. (سیران ڕسول بایز، ٢٠٢٢)

**خشتەی (١)**

**ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆران و پارێزگای هەولێر لە ماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لە هەزاردا**

| ساڵ | قـــەزای سـۆران | پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|
| | ڕێژەی لە دایکبوون لە (هەزار)دا | ڕێژەی لە دایکبوون لە (هەزار)دا |
| ١٩٩٣ | ٣٥،٢ | ١٨ |
| ١٩٩٧ | ٢٠،٢ | ١٩،٣ |
| ٢٠٠٧ | ١١،١ | ٢٤،٧ |
| ٢٠١١ | ١٧،٩ | ٢٤،٦ |
| ٢٠١٦ | ٢٣،٨ | ٢٨،٥ |
| ٢٠٢٠ | ١٩،٧ | ٢١،٣ |
| تێکرا | ٢١،٣ | ٢٢،٧ |


**سەرچاوە/** ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: پاشکۆی ژمارە (١)

هەروەها بە سەیرکردنی خشتەی (١) بۆ مان ڕووندەبێتەوە، کەوا نزمترین ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا لە ساڵی (٢٠٠٧) دا بووە، کە ڕێژەکەی (لە هەزاردان) (١١،١) بووە، بەڵام نزمترین ڕێژەی لەدایکبوون لە پارێزگایی هەولێردا کەوتووتە ساڵی (١٩٩٣)دا، ڕێژەکەی (١٨) (لە هەزاردا) بووە، هۆکاری نزمیی ڕێژەی لەدایکبوون لە پارێزگادا لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کوردستان لە ساڵانی پێشتر بە هۆی بارودۆخی سیاسی کۆچیانکرد بۆ دەرەوەی وڵات، و دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخەکەش ژمارەیەکی زۆر نەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی نزمیی ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزا و پارێزگا دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارنەکردن و گرنگینەدان بە تۆمارکردنی لەدایکبووان لە لایەن دانیشتوانەوە بەهۆی کەمیی شارەزاییان و هەستنەکردن بە گرنگیی ئەم تۆمارانە.

بە بەراوردکردنی ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا لەگەڵ پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠)دا، تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا (٢١،٣) (لە هەزاردا) بووە، بەڵام لە پارێزگای هەولێردا تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون بە جیاوازییەکی کەم لەگەڵ قەزادا بریتییە لە (٢٢،٧) (لە هەزاردا)، واتە ڕێژەی لەدایکبوون لە پارێزگادا بەرزترە لە ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزادا، بڕوانە شێوەی (١). بە پێی ئەو پێوەرانەی توێژەران دایانناوە دەربارەی بەرزی یان نزمیی ڕێژەی لەدایکبوون، دەردەکەوێت کە تێرای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەیەکی مامناوەندە[*]. سەبارەت بە ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆران کۆمەڵێک هۆکار کاردەکاتە سەریان، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**شێوەی (١)**

**ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆران و پارێزگایی هەولێر لەماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لەهەزاردا**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (١)

### ١- ژنهێنان و شووکردنی پێشوەخت

مرۆڤ لە مێژوویێکی زووی ژیانیدا لە تەمەنی هەرزەکاریدا واتە ئەو کاتەی خۆی ناسیوە، دەستی بە ژنهێنان و شووکردن کردووە، بەڵام تەمەنی هاوسەرگیری تاکو هاتووە درەنگتر

دەستپێکردووە، لە ئەنجامی کۆمەڵێک هەڵویست کە ئاڵوگۆڕیان بەسەر ژیانی ئابووری و کومەلایەتیی خەڵک هێناوە. (غەفور، ٢٠١٢، ل٤٨) تەمەن لە یەکەم هاوسەرگیری بۆ نێر و مێ یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە کاریگەری لەسەر توانای منداڵبوون هەیە، بەو پێیەی تەمەنی هاوسەرگیری زۆر گرنگترە لە ژمارەی هاوسەرگیرییەکان، بەهۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێژەی منداڵبوون لە ڕووی زیادبوون یان کەمبوونەوەیان، (الداوودي، ٢٠٠٣، ص٩١) چونکە هاوسەرگیریی پێشوەخت ماوەیەکی زیاتر لە مانەوەی ژن و مێرد لەگەڵ یەکدا مسۆگەر دەکات کە لە ئاکامدا نەوەخستنەوەی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. (تۆفیق، ٢٠١٥، ل٤٦) هەروەک لە خشتەی (٢) دا خراوەتەڕوو، کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دیاردەی زوو شووکردنی کچان لە تەمەنی (١٥-٢٠) ساڵی دەستپێدەکات، بە جۆرێک ئەو کچانەی لەو تەمەنەدان ڕێژەی (٢٤،٩٪)ی کۆی تەمەنی هاوسەرگیرییان پێکهێناوە لە قەزای سۆراندا، ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لە نێوان هەموو ڕێژەکان بۆ سەرجەم دەستەکانی تەمەنی هاوسەرگیری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بێگومان تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ڕەگەزی مێینە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەم تەمەنانەی هاوسەرگیری (١٥-٢٠) توانای وەچەخستنەوەیان زیاترە بە بەراورد بە تەمەنەکانی سەرووتر. سەیری شێوەی (٢) بکە، ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەرە کە کاردەکاتە سەر زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون. دیاردەی زوو شووکردن لە نێو کچاندا لە گوندەکاندا زیاتربوو، بەڵام بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین بۆ شارەکان وای کردووە ئەم دیاردەیە لەگەڵ خویان بگوازنەوە بۆ شارەکان، و ڕێژەی زوو شووکردنی کچان بە شێوەیەکی بەرچاو لە شارەکاندا بەرزببێتەوە.

**خشتەی (٢)**


**ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای سۆران لە ساڵی (٢٠٢٠)دا**

| تەمەنی هاوسەرگیری/ ساڵ | ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری | | ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | ٪ | مێ | ٪ |
| ١٥-٢٠ | ٢٥٥ | ٢٤ | ٢٦٥ | ٢٤،٩ |
| ٢٠-٢٥ | ٢٣٥ | ٢٢،١ | ٢٣٤ | ٢٢ |
| ٢٥-٣٠ | ٢١٥ | ٢٠،٢ | ٢١٥ | ٢٠،٢ |
| ٣٠-٣٥ | ١٩٥ | ١٨،٣ | ١٨٥ | ٤،١٧ |
| ٣٥-٤٠ | ١٦٤ | ١٥،٤ | ١٦٥ | ١٥،٥ |
| کۆ | ١٠٦٤ | ١٠٠ | ١٠٦٤ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:** وەزارەتی داد، دادگای بەرایی سۆران، بەشی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای سۆران، ٢٠٢٢، (داتای بڵاونەکراوە).

**شێوەی (٢)**

**ڕێژە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای سۆران لە ساڵی (٢٠٢٠)دا**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٢)

### ٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی

پیتی زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی سککردن لەهەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتواندا بەکاردەهێندرێت و بە ژمارەی لەدایکبووانی زیندوو دەخرێتە بەرچاو، (غەفور، ٢٠١٢، ل٤٤) کردارێکی گرنگ و بەردەوامی کۆمەڵگای مرۆییە کە بە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان دادەنرێت، مەبەست لێی توانای ئافرەتە بۆ منداڵبوون لە بارودۆخێکی سروشتیدا، (صالح، ٢٠١٥، ل١٨) و لە زۆربەی کۆمەڵگاکان گەنجان زیاتر مناڵ دەخەنەوە، بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی پیتداری، کە ماوەی منداڵ خستنەوە لەلای ژنان لە نێوان (١٥-٤٩) ساڵیدایە، (سهاونە، سمحە، ٢٠٠٩، ل١٢٧)، بۆیە دەکرێ ڕێژەی بەرزی مێینە لە تەمەنی منداڵبووندا بە فاکتەرێکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی بژمێردرێ. (تالب، ١٩٩٩، ل٦٠)، ئەوەی لێرەدا پێویستە دەبێت ڕێژەی سەدیی ئافرەتان لەو تەمەنە بزانرێت لە کۆی ژمارەی ئافرەتان، بەڵام لەسەر ئاستی قەزای سۆران ئەم جۆرە داتایەمان دەستنەکەوتووە، چونکە لە هەردوو سەرژمێریی (١٩٨٧،١٩٧٧) تەنها لەسەر ئاستی پارێزگا ئەم ئامارە ئەنجامدراوە و لەسەر ئاستی قەزاکان زانیاری لەو بارەیەوە تۆمارنەکراوە، وێڕای ئەوە لە پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازیی ساڵی (٢٠٠٩)، لەسەر ئاستی پارێزگا و لەسەر ئاستی قەزا ئامار و سەرژمێریی لەو جۆرە ئەنجامنەدراوە. (محمود، ٢٠١٣، ل٢٤) بە پشتبەستن بە خشتەی (٢)، کە تیایدا دەردەکەوێت لە ساڵی (٢٠٢٠) دا کۆی ئەو ڕێژە مێینەییانەی هاوسەرگیریان کردووە لە تەمەنی منداڵبووندان، ئەمەش هۆکارێکی باشە کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزیی ڕێژەی لەدایکبوون، هەروەها لە خشتەکەدا دیارە ڕێژەی ئەو مێینانەی لە تەمەنی (١٥-٢٠) و (٢٠-٢٥) ساڵی شوویانکردووە، بە پلەی یەکەم و دووەم دێن کە بەرزترین ڕێژە پێکدەهێنن بە ڕێژەی (٢٤،٩٪) و (٢٢٪) یەک لەدوای یەک لە کۆی ژمارەی مێینە شووکردووەکان، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرزیی ڕێژەی لەدایکبووان، چونکە ئەو تەمەنە باشترین تەمەنە بۆ منداڵبوون لە مێینەدا، هەروەها هەریەک لە تەمەنەکانی (٢٥-٣٠) و (٣٠-٣٥) یەک لە دوای یەک بە پلەی سێیەم و چوارەم دێن بە ڕێژەی (٢٠،٢٪) و (١٧،٤٪) ی لە کۆی تەمەنی مێینە شووکردووەکاندا، لە کوتاییدا ئەو مێینانە دێن کە تەمەنیان لە نێوان (٣٥-٤٠) ساڵیدا هاوسەرگیریان کردووە (١٥،٥)ی ڕێژەی سەرجەمی مێینە شووکردووەکان پێکدەهێنن. بە پێی ئەم داتایانەی کە لە سەرەوەدا باسکراون

ڕێژەی (٤٦،٩٪) ی مێینە کە لە تەمەنی (١٥-٢٥) ساڵی هاوسەرگیریانکردووە، بەمەش ماوەی منداڵبوونیان نزیکەی (٣٤) ساڵ دەبێت، بەڵام ئەو مێینانەی لە تەمەنی ( ٤٠ ) ساڵیدا هاوسەرگیرییان کردووە، ماوەی منداڵبوونیان (٩) ساڵ دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرزیی ڕێژەی لەدیکبوون لە قەزای سۆراندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی مێینەکان لە تەمەنێکی زوودا هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەرفەتی منداڵبوون و سەرەنجام بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

**٣- فاکتەری ئاینی**

ئاین ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری زاوزێ، ئیسلام لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و یاساییەکەیدا، چەمکێکی یەکگرتووی منداڵبوون و منداڵبوون لەخۆدەگرێت. ئامانجی پێکهێنانی خێزانە، و هاندەری فرەیی نەوەکانە، و پەنابردنە بەر ئامرازێک کە منداڵبوون کەمبکاتەوە، وەک لەباربردنی بەئەنقەست قەدەغەیە، (التقریر الوطني، ٢٠١٢، ص٥٨) هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت **(وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءًا كَبِيرًا)** (القرأن الكريم، سورة ألاسراء، ألاية٣١)، هەروەها ئاینی ئیسلام کە ئاینی دانیشتوانی ناوچەکەیە کاریگەریی دیمۆگرافی هەیە، چونکە هۆکارێکی تری زۆریی ژمارەی لەدایکبوون، ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، کە لەباربردن قەدەغە دەکات و هانی دروستکردنی خێزان دەدات، هەروەک پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت (ابغض الحلال عند الله الطلاق)، واتە ناخۆشترین حەلال لەلای خوای باڵادەست تەڵاقدانە. (سعید، ٢٠١٤، ل٢٩)، هەرچەند ڕێژەی جیابوونەوە کەم بێت ڕێژەی منداڵبوون زیاتر دەبێت. بە واتایەکی تر، هەرچەندە ماوەی هاوسەرگیری زیاتر بێت ئەوا دایک و باوک دەرفەتی زیاتری وەچە خستنەوەیان بۆ دەڕەخسێت. (ئیسماعیل، ٢٠١٥، ل٨٤) فاکتەری ئاینی زاڵە بەسەر دانیشتوانی قەزای سۆراندا، ئەمەش هانی دانیشتوان دەدات لە تەمەنێکی زوودا هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەو تەمەنە زووەدا ئەگەری منداڵ خستنەوە زیاد بکات، سەرەنجام بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ بەرزیی ڕێژەی لەدایکبووان.

**خشتەی (٣) ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە دادگای سۆران لە ماوەی (٢٠٠٧-٢٠٢٠)**


| ساڵ | هاوسەرگیری | | جیابوونەوە | | کۆی هاوسەرگیری و جیابوونەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ٢٠٠٧ | ١٤٦٨ | ٩٢،٧ | ١١٦ | ٧،٣ | ١٥٨٤ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ١٠٠٨ | ٩٣ | ٧٦ | ٧ | ١٠٨٤ | ١٠٠ |
| ٢٠١١ | ١٧٤٨ | ٩٥،٦ | ٨٠ | ٤،٤ | ١٨٢٨ | ١٠٠ |
| ٢٠١٣ | ١٢٨٤ | ٩١،٨ | ١١٤ | ٨،١ | ١٣٩٨ | ١٠٠ |
| ٢٠١٥ | ١٠٦٣ | ٨٧،٨ | ١٤٨ | ١٢،٢ | ١٢١١ | ١٠٠ |
| ٢٠١٧ | ١٠٠٢ | ٨٨ | ١٣٦ | ١١،٩ | ١١٣٨ | ١٠٠ |
| ٢٠١٩ | ١٠٣٢ | ٨٤ | ١٩٦ | ١٦ | ١٢٢٨ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ١٠٦٤ | ٨٩،٢ | ١٢٩ | ١٠،٨ | ١١٩٣ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:** وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، بەشی پلان و ئامار، ٢٠٢٢، (داتای بڵاونەکراوە).

وەک لە خشتەی (٣)دا خراوەتەڕوو کەوا ڕێژەی هاوسەرگیری لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٢٠) لە نێوان (٩٢،٧٪) بۆ (٨٩،٢٪) دایە، بەڵام ڕێژەی جیابوونەوە لە هەمان ماوەدا لە نێوان (٧،٣٪) بۆ (١٠،٨) دایە، کە بێگومان ئەم بەرزیی ڕێژەیە لە هاوسەرگیریدا و کەمیی ڕێژەی جیابوونەوە، وەک لە شێوەی ژمارە (٣) دا دیارە، هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی ڕێژەی منداڵخستنەوە، و سەرەنجام دەبێتە هۆی بەرزیی گەشەی دانیشتوان لەو ناوچەیەدا.

**شێوەی (٣)**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە دادگای سۆران بۆ ماوەی (٢٠٠٧-٢٠٢٠)**




**سەرچاوە:** کاری تویژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣)

**١-١-٢ مردن**

مردن یەکێکە لە گرنگترین دیاردە دیمۆگرافییەکان کە دوای لەدایکبووان دێت بەهۆی کاریگەری لەسەر قەبارە و گەشەکردنی دانیشتووان و دابەشبوونی، هەروەها وردترن لە ئامارە گرنگەکانی تر، و یەکێکە لە نیشاندەرەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن. (الشمري، ٢٠١٨، ص٥٤) ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان پێناسەی مردن دەکات بەوەی کە بریتییە لە کۆتاییهاتنی تەواوی دیاردە ژیانییەکان لە هەر کاتێکدا، دوای لەدایکبوون بە زیندوویی. (الدوري، ٢٠٠٤، ص٥٦) مردن دیاردەیەکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییە، بۆیە دیاردەیەکی بایۆلۆجییە، چونکە ژیانی مرۆڤ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو درێژەدەکێشێ پاش ئەوە دەگاتە ئاستێکی تەمەن دەمرێ، هەروەها کۆمەڵایەتیبوونیشی هی ئەوەیە کە هەلومەرجی باوی کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریتێدەکا. (تالب، ١٩٩٩، ل٦٢) ڕێژەی مردن ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریی دانیشتوانە و دەرخەری ئاستی شارستانیی هەر کۆمەڵگایەکە، (الداوودي، ٢٠٠٣، ص١٠٣)، لەو کۆمەڵگایانەی کە نەخۆشی و هەژاری و نەزانی تێیاندا بڵاوە مردن زۆر دەبێت، هەر کە خزمەتگوزاریی تەندروستی و خۆراکی باش هەبێت ڕێژەی مردن کەمدەبێتەوە، (محمود، ٢٠١٣، ل٢٦) بەڵام لە حاڵەتی ئاساییدا بەردەوام ڕێژەی مردن لە ڕێژەی لەدایکبوون کەمترە، ڕێژەی مردن لە کاتێکدا لە ڕێژەی لەدایکبوون زیاترە دەبێت کەوا شەڕ، برسێتی، کارەساتی سروشتی وەکو بومەلەرزە و لافاو ڕووبدات، (تۆفیق، ٢٠٠٩، ل٣٥) ڕێژەی مردنیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە هەمان کۆمەڵگادا جیاوازە، بە گشتی ڕێژەی مردنی نێرەکان لە هەموو یان زۆربەی گرووپە تەمەنییەکاندا زیاترە بە بەراورد بە ڕێژەی مردنی مێینە. (النجم، ٢٠٠٩، ص٥٤،٥٥)، ئەمەش بەتەنها کار ناکاتە سەر گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان، بەڵکو کاریگەری بۆ سەر پێکهاتەی جۆری و تەمەنی دانیشتوان هەیە. (حسێن، ٢٠١٣، ل٣٨) بۆیە لێکۆڵینەوە لە مردن گرنگە و ناکرێت پشتگوێبخرێت بە تایبەت لە کاتی دارشتنی سیاسەتی دانیشتوان لەلایەن دەوڵەتەوە و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی تەندروستی و زانینی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان، ئەوەشی پەیوەندی بەم گۆڕانکارییانەوە هەیە. (یوسف، ٢٠١٥، ل١٨) ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە داتاکانی مردنیش وەک لەدایکبوون کەم و کوڕی زۆریان تێدایە، (صالح، ٢٠١٥، ل٢٣) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

١-مردنی منداڵان لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیان و تۆمارنەکردنی لە تۆماری مردندا.

٢-نزمیی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لەلایەن گوندنشینانەوە و نەبوونی هۆشیارییان لە گرنگیی تۆمارکردنی مردووەکانیان لە تۆمارەکانی شاردا. (محمد، حسین، ٢٠١٩، ص٣٦٧)

٣-زۆربەی ڕووداوەکانی مردن لە دەرەوەی نەخۆشخانەدا ڕوودەدەن، بۆیە تەنها ئەوانەی نێو نەخۆشخانە تۆماردەکرێن.

٤- نەرم و نیانی لە بواری جێبەجێکردنی یاسا و دادگایینەکردنی سەرپێچیکەران بەشێکی زۆری لادێنشینەکان هاندەدا گوێ بە تۆمارکردن نەدەن و لە پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر دیاردەی مردن ورد نەبن.

٥-ئەو ئیمتیاز و کۆمەکانەی هەندێک کەس لەباری لەدایکبوونی منداڵ دەستیاندەکەوێت، وەک زیادبوونی مووچە لەگەڵ دابەشکردن و بەخشینی خۆراک بەسەر خێزاندا لەوانەیە، ببێتە هاندەر بۆ تۆمارنەکردنی مردووان. (تالب، ١٩٩٩، ل٦٥)

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر کە لە ناوچەی تۆێژینەوەدا هەن، وەک کەمیی تۆماری لەدایکبوون و مردن لە سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکەدا و لاوازیی بەهای زانستیی ئەو زانیارییانە، و فەوتان و پارێزگارینەکردن لە داتا تۆمارکراوەکان، کە هەموو ئەمانەش کەم و کوڕی لە داتاکانی مردن دروستدەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا، بە مەبەستی زانینی تێکڕای ڕێژەی مردن، پشت بە هاوکێشەی تێکڕای ڕێژەی مردن دەبەستین، کە ڕێژەی مردنی ساڵێکی دیاریکراومان دەداتێ بە بەراوردکردن لەگەڵ هەزار کەس لە دانیشتوان لە هەمان ساڵی دیاریکراودا، بەم شێوەیە:

$$\text{تێکڕای مردنی خاو} = \frac{\text{ژمارەی مردن لە ساڵێکی دیاری کراودا}}{\text{ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا}} \times ١٠٠٠$$ (ابو عیانة، ١٩٩٣، ص١٤٨)

نەبوونی داتاکانی مردن لە هەریەک لە قەزا و پارێزگادا لەساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٢) وادەکات پشت بە داتاکانی ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠) ببەستین، بۆیە لێرەدا بە پشتبەستن بە هاوکێشەی تێکڕای گشتیی مردن و بە سەیرکردنی خشتەی (٤) دەردەکەوێت، کە تێکڕای مردن لە ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لە قەزای سۆران بریتییە لە (٢،٤) (لە هەزاردا) و لە پارێزگای هەولێریش بە ڕێژەیەکی تارادەیەکی زۆر لێک نزیک بریتییە لە (٢) (لە هەزاردا)، ئەم ڕێژەیە لە قەزادا گۆڕانی زیاتری بەخوە بینیوە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا بە بەراورد لەگەڵ پارێزگا کە گۆڕانێکی کەمی تێدا بەدیدەکرێت، بە جۆرێک لە قەزادا بەرزترین ڕێژەی مردن(٣،٢) بووە (لە هەزاردا) لە ساڵی (١٩٩٧)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی، بەهۆی ڕوودانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی١٩٩٤ لە کوردستان و ناسەقامگیریی سیاسی، و ئەو هۆکارانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر بارودۆخی تەندروستی و ئاستی ئابووری و بژێویی خەڵک و هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بەرزیی ڕێژەی مردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەو ماوەیەدا.

**خشتەی (٤)**

**ڕێژەی مردن لە قەزای سۆران و پارێزگای هەولێردا لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لە هەزاردا**

| قەزای سۆران | | پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|
| ساڵ | ڕێژەی مردووان لە (هەزار)دا | ڕێژەی مردووان لە (هەزار)دا |
| ١٩٩٣ | ١،٨ | ١،٨ |
| ١٩٩٧ | ٣،٢ | ٠،٩ |
| ٢٠٠٧ | ٣،١ | ٢ |
| ٢٠١١ | ٢،٨ | ٢،٨ |
| ٢٠١٦ | ١،٨ | ٢،٩ |
| ٢٠٢٠ | ١،٩ | ٢،١ |
| تێکڕا | ٢،٤ | ٢ |


**سەرچاوە:** ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە: پاشکۆی ژمارە (١)

لەکاتێکدا بەرزترین ڕێژەی مردن لە پارێزگایی هەولێر لە ساڵی (٢٠١٦)دا بووە، بە ڕێژەی (٢،٩) (لە هەزاردا)، هۆکاری بەرزیی ئەم ڕێژەیە لە پارێزگادا دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی دانیشتووان بە تۆمارکردنی ناوی مردووەکانیان، و هۆکاری سیاسی بەهۆی سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆرستانی داعش کورتکراوەی ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەو پارێزگایەدا.

هەروەها نزمترین ڕێژەی مردن لە ساڵی (١٩٩٣) و (٢٠١٦)دا بووە لە قەزای سۆران کە ڕێژەکەی لە هەردوو ساڵەکەدا (١،٨) بووە (لە هەزاردا)، سەیری شێوەی (٤) بکە، ئەمە لە کاتێکدایە کەوا نزمترین ڕێژەی مردن لە پارێزگادا لە ساڵی (١٩٩٧)دا بووە، بەڕێژەی (٠،٩) (لە هەزاردا) هەروەک لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو، نزمیی ئەم ڕێژەیە لەم ساڵانەدا لە هەریەک لە قەزا و پارێزگا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەڵە و کەم و کورتی لە داتاکانی مردن بە هۆی تۆمارنەکردنی ناوی زۆرێک لە مردووەکان و فەوتان و لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە داتا تۆمارکراوەکان.

**شێوەی (٤)**

**ڕێژەی مردن لە قەزای سۆران و پارێزگای هەولێر لە ماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لە هەزاردا**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٤)

لە خشتە و شێوەی (٤)دا دەردەکەوێت کەوا تێکرای ڕێژەی مردن لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣–٢٠٢٠) لە قەزادا گەیشتووتە (٢،٤) لە هەزاردا، هەروەها ئەم ڕێژەیە لە پارێزگادا گەیشتووتە (٢) (لە هەزاردا)، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت، کە تێکرای ڕێژەی مردن لە قەزای سۆراندا بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگای هەولێردا، بەڵام تێکرای ڕێژەی مردنی قەزای سۆران و پارێزگایی هەولێر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە تۆمارەکان ڕووی ڕاستەقینە دەرناخەن. ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین بە ڕێژەی مردنی وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان، وەک وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و پۆرتۆگاڵ و سوید و بەشێک لە دەوڵەتانی ئەوروپای ناوەڕاست، کە تێکرای ڕێژەی مردنیان لە نێوان (١٠–١٥) (لە هەزاردایە) (الخفاف، الريحاني، ١٩٨٦، ص٢٢٢)، وەک دەزانرێت بارودۆخی ئابووری و تەندروستیی وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا زۆر پێشکەوتووترە، بەبەراورد لەگەڵ قەزای سۆران و پارێزگای هەولێردا، کەوا ڕێژەیەکی زۆر کەمی تۆمارکردووە، ئەم ڕێژە کەمەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و پارێزگادا دەگەڕێتەوە بۆ نادروستیی ئامارەکانی مردن و تۆمارنەکردنی مردووان لەلایەن کەسوکاریانەوە.

لە کۆتاییدا بە سەیرکردنی خشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە تێکرای زیادبوونی سروشتی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣–٢٠٢٠) لە هەریەک لە قەزا و پارێزگادا، کە لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان تێکرای ڕێژەی لەدایکبووان و مردوواندا دەردەکەوێت، بریتییە لە (١٨،٩) (لە هەزاردا) لە قەزای سۆران، لەکاتێکدا ئەم تێکرایە لە پارێزگای هەولێر گەیشتووەتە (٢٠،٧)، ئەم تێکرایەش بە درێژایی ساڵەکانی توێژینەوەکە گۆڕانکاریی زۆری بەخۆەبینیوە هەروەک لە شێوەی (٥) دا دەرکەوتووە، بە جۆرێک کە بەرزترین تێکرای زیادبوونی سروشتی کەوتووەتە ساڵی (١٩٩٣) لە قەزادا، بەڵام لە پارێزگادا کەوتووەتە ساڵی (٢٠١٦)دا بە ڕێژەی (٢٥،٦) (لە هەزاردا). هۆکاری ئەم زیادبوونەش لە قەزادا دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیریی بارودۆخی سیاسی و ئابووری، و لە پارێزگادا دەگەڕێتەوە بۆ وشیاربوونی خەڵک و ناچارکردنیان لە لایەن حکومەتەوە بە تۆمارکردنی داتاکانی لەدایکبووان و مردووان.

### خشتەی (٥)


### تێکرای زیادبوونی سروشتی لە قەزای سۆران و پارێزگای هەولێردا لە ماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠)

| | قــەزای ســۆران | | | پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوون (لە هەزاردا) | ڕێژەی مردووان (لە هەزاردا) | تێکرای زیادبوونی سروشتی (لە هەزاردا) | تێکرای زیادبوونی سروشتی (لە هەزاردا) |
| ١٩٩٣ | ٣٥،٢ | ١،٨ | ٣٣،٤ | ١٦،٢ |
| ١٩٩٧ | ٢٠،٢ | ٣،٢ | ١٧ | ١٨،٤ |
| ٢٠٠٧ | ١١،١ | ٣،١ | ٨ | ٢٢،٧ |
| ٢٠١١ | ١٧،٩ | ٢،٨ | ١٥،١ | ٢١،٨ |
| ٢٠١٦ | ٢٣،٨ | ١،٨ | ٢٢ | ٢٥،٦ |
| ٢٠٢٠ | ٧،١٩ | ١،٩ | ١٧،٨ | ١٩،٢ |
| تێکرا | ٢١،٣ | ٢،٤ | ١٨،٩ | ٢٠،٧ |

**سەرچاوە:** ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە خشتەکانی (١ و ٤)

### شێوەی (٥)

### تێکرای زیادبوونی سروشتی لە قەزای سۆران و پارێزگای هەولێردا لە ماوەی (١٩٩٣-٢٠٢٠)




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٥)

## ١-٢ کۆچ

کۆچ چالاکییەکی مرۆییە لەلایەن دانیشتوانەوە ئەنجامدەدرێت بە درێژایی تەمەن، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە، ئەمەش ئارەزووی مرۆڤ نیشاندەدات بۆ جێهێشتنی ناوچەکەی بەهۆی هۆکاری ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان هۆکارە سیاسییەکان یاخود بە ئامانجی سەقامگیری و ژیانێکی باشتر. (المشهداني، ٢٠٢٢، ص٢٦) کەواتە کۆچ بریتییە لە گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە ئامانجی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی. (الخفاف، ٢٠٠٧، ص١٩٦) کۆچ دیاردەیەکە دەتوانێت چەند جارێک و لە هەر تەمەنێکدا ڕووبدات. کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەسەر گۆڕینی قەبارەی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییەکانی، کۆچکردن ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە هێنانەدیی گۆڕانکاریی ڕوون لە دووبارە

دابەشكردنەوەی دانیشتوان لە نێوان ناوچە جوگرافییەكان (العیسوی، ٢٠٠٦، ص٢٥٥)، توێژەران جیاوازبوون لە پەرەپێدانی پێناسەیەكی گشتگیر و تایبەت بۆ چەمكی كۆچ، نەتەوە یەكگرتووەكان بەم شێوەیە پێناسەی كۆچكردنیان كردووە، كە بریتییە لە (جوولەی خەڵك لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، بە مەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون). (الزیادي، ٢٠٠٦، ص٣٤) بەپێی یاسای باری شارستانیی عێراقی ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٦٢) كۆچكردن لە عێراق بریتییە لە (گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دانیشتوان لەو شوێنەی كە ناوی لێ تۆماركراوە بۆ شوێنێكی تر كە ناوی لێ تۆماردەكرێت). لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە بۆچوون و بیرۆكەی جوگرافیناسان سەبارەت بە كۆچیكردن هەیە، بەڵام لەسەر ئەوە كۆكن (محمد، حسین، ٢٠١٩، ص٣٧٢-٣٧٣) كە كۆچكردن گۆڕینی هەمیشەیی شوێنی نیشتەجێبوونە، و ئەگەر كۆچكردن لە دەوڵەتەوە بێت بۆ دەرەوەی، واتە سنووری سیاسیی دەوڵەت ببڕێت، ئەوا پێی دەگوترێت كۆچی دەرەكی، بەڵام ئەگەر كۆچ لەناو هەمان كۆمەڵگادا ڕوویدات، ئەوا بە كۆچی ناوخۆی ناسراوە. (الدهش، ٢٠١٧، ص١٥) بە شێوەیەكی گشتی، دوو جۆر كۆچكردن لە قەزای سۆران بەدیدەكرێن:

**یەكەم: كۆچی ناوخۆ**

كۆچی ناوخۆ بریتییە لە گواستنەوەی دانیشتوان لە یەكەیەكی ئیدارییەوە بۆ یەكەیەكی تر لە سنووری دەوڵەتێكدا بە مەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی. (الجبوری، ٢٠٠٦، ص٣٤) كۆمیسیۆنی پلاندانانی هەرێمی لە عێراق كۆچی ناوخۆیی بە گواستنەوەی كەسێك لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیەوە بۆ شوێنی مەبەست پێناسە دەكات، بە مەرجێك ئەو گواستنەوەیە سنووری هەرێمێكی ئیداری تێپەڕێنێت بە نیازی سەقامگیری، بە مەرجێك ئەم سەقامگیرییە لە ماوەی ساڵێك كەمتر نەبێت، و هەموو ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە لەگەڵیدا دەجووڵێن و ئەوانەی كە لە ڕووی یاساییەوە پەیوەستن بەو كەسەوە. (السعدي، ٢٠١٤، ص٢٦٦)، كۆچی ناوخۆیی یەكێكە لە دەركەوتە گرنگەكانی جوولەی دانیشتوان و دەكرێت چەندین شێوەی هەبێت، لەوانە گواستنەوە لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر، وەك گواستنەوە لە ناوچە گوندنشینەكانەوە بۆ شارەكان، هەروەها لە ناوەندەكانی شارەوە بۆ ناوچە گوندنشینەكان لە ناو یەك پارێزگا یان قەزادا. ئەم جوولەیە بە زۆری ئەنجامی جیاوازی دەرفەتە ئابوورییەكانی نێوان لایەنە ئیدارییەكانە. (العبادي، ٢٠٠٢، ص٩٥) بۆ شیكردنەوەی ڕۆڵی كۆچی ناوخۆ لە گەشەكردنی دانیشتوانی قەزای سۆراندا باس لە كۆچكردن لە گوندەكانەوە بۆ شارەكان و كۆچكردن لە قەزای سۆرانەوە بۆ یەكە كارگێڕییەكانی (قەزا و پارێزگاكانی تر) بە پێچەوانەوە دەكەین لە قەزاكەدا.

**١-كۆچكردنی گوندنشینەكان بۆ شارەكان:**

ئەم جۆرە كۆچە لەدوای ئازادبوونی هەرێمی كوردستان دەستیپێكردوە و پاشان لەدوای پرۆسەی ڕزگاركردنی عێراق گەیشتۆتە لوتكە، كە بریتییە لە كۆچكردنی دانیشتوانی گوندنشین بەرەو شارەكان، كە ئەم جۆرە كۆچە بەشی هەرە زۆری زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی سەنتەری شارنشینەكان پێكدەهێنێت (محمد، ٢٠٢٢، ل٦٠)، كۆچكردن لە گوندەكانەوە بۆ

شارەکان لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوە ڕوودەدات، لەوانە بوونی خزمەتگوزارییە گشتییە جۆراوجۆرەکان وەک تەندروستی و فێرکاری لە شارەکاندا و نەبوونی یان کەمی لە گوندەکاندا، سەرەڕایی هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوونی هەلی کاری زیاتر لە شارەکاندا، ئەمانە هاندەرن کە پاڵ بە دانیشتوانی گوندەکانەوە دەنێن بۆ ئەوەی کۆچبکەن بەرەو شارەکان. سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان کۆچبکەن بەرەو شارەکان و ئەمەش کاردەکاتە سەر زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان لەسەر حیسابی دانیشتوانی گوندەکان. (شواني، ٢٠١٥، ص٤٥، ٤٨) بوونی زانیاری دەربارەی ژمارەی کۆچکەرەکان (هاتوو، ڕۆیشتوو) یارمەتیدەرە بۆ زانینی قەبارەی دانیشتوان. بە واتایەکی تر، بە جیاوازیی نێوان ژمارەی هاتوو و ڕۆیشتووەکان دەگوترێت پوختەی کۆچ، ئەگەر پوختەی کۆچ پۆزەتیڤ (موجەب) بێت، واتای ئەوەیە ئەو ناوچەیە دانیشتوانی زیاتری بۆ هاتووە. بە واتایەکی تر، کۆچکەر ڕووی تێ کردووە، بەڵام ئەگەر پوختەی کۆچ نێگەتیڤ (سالب) بێت، واتە لەو ناوچەیەوە دانیشتوان بەرەو ناوچەکانی تر کۆچیان کردووە. (ئیسماعیل، ٢٠١٥، ل٩٤)

لە پێوانەکردنی کۆچدا توێژەر ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک دەبێتەوە، دیارترینیان بەدەستهێنانی داتای وردە، بە تایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، بۆیە توێژەران پەنایان بردووەتە بەر ڕێگە و پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی کۆچ و پێوانەکردنی قەبارەکەی. (الداوودي، ٢٠٠٣، ص١١٣) پێوەرەکانی پێوانەکردنی کۆچ جۆراوجۆرن، جۆری ئەو پێوەرانەش بە گوێرەی داتا بەردەستەکان دەگۆڕێت، کە گرنگترین ئەو ڕێگایانەی بۆ پێوانەکردنی پوختەی کۆچ بەکاردێن بریتین لە (تۆمارە ژیانییەکان، ڕێژەی مانەوە، شوێنی لەدایکبوون، هەروەها لە ڕێگەی بەراوردکردنی تێکڕای گەشەی دانیشتوانەوە) (الحديثي، ٢٠١١، ص٤٥٤)، لەبەر نەبوونی هیچ داتایەک لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) دەربارەی ڕێژەی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکانی قەزای سۆران، بۆیە بۆ پێوانەکردنی پوختەی کۆچ پشت بە جیاوازیی نێوان ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین دەبەستین، بەهۆی دەستنەکەوتنی داتای تایبەت بە کۆچ لە قەزاکەدا. بە سەیرکردنی خشتەی (٦) دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی گەشە و گۆڕانی دانیشتوانی گوندەکان لەسەر ئاستی قەزادا ساڵ دوای ساڵ لە کەمبوونەوەدایە، بە پێچەوانەی ڕێژەی گەشەی شارنشینی کە لە بەرزبوونەوەدا بووە، بە جۆرێک لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی شارنشینەکان ساڵانە گەیشتۆتە (٤،٩٪)، بەڵام ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین لە هەمان ماوەدا گەیشتۆتە (١٪)، کەواتە پوختەی کۆچ بریتییە لە (٣،٩٪)، بەمەش دەتوانین بڵێین پوختەی کۆچ لەم ماوەیەدا پۆزەتیڤ بووە، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شارنشینەکانی ناوچەی توێژینەوەکە ناوچەیەکی کێشکەری دانیشتوان بووە، کۆچکەر ڕووی تێکردووە. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک ڕاگواستنی دانیشتوان و نیشتەجێکردنیان لە شارەکان و تێکدان و وێرانکردنی گوندەکان، هەروەها بوونی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لە شارەکان وەک پەروەردە و تەندروستی و چەندان خزمەتگوزاریی تر جگە لە بوونی هەلی

کاری زیاتر لە شارەکاندا بە بەراود بە گوندەکان کە هەموو ئەمانەش وایان کرد ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان لە گوندەکانەوە کۆچبکەن بۆ شارەکان.

هەر لە هەمان خشتەی (٦)دا، دەردەکەوێت کە لە ماوەی (١٩٨٧-١٩٩٧) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی بە جۆرێک بەرزبۆتەوە کە ساڵانە گەیشتۆتە (٦،٤٪) کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی بووە لە قەزای سۆراندا، کەچی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان لەو ماوەیەدا ڕێژەکەی بریتی بووە لە (٤٪) و پوختەی کۆچ بریتی بووە لە (٢،٤٪)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تێکدان و وێرانکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ کۆمەڵگاکان و سەنتەرەکانی شار. لە ماوەی (١٩٩٧-٢٠٠٩) دا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشینی ساڵانە (٥،٩٪) بووە، بەڵام لە هەمان ماوەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی گوندەکان بە ڕێژەیەکی زۆر نزمبووەتەوە بۆ (-٢،٦٪) واتە قەزای سۆران نزمترین ئاستی بە خۆیەوە بینیوە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا، کە پوختەی کۆچ بەرزبووەتەوە بۆ (٨،٥٪) کەواتە شارەکانی قەزاکە ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوان بوونە، نزمیی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی گوندەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوتنی هەلی کارکردن و خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر لە شارەکاندا بە بەراورد بە گوندەکان.

**خشتەی (٦)**

**پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای سۆران لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) ساڵانە (٪)**


| ماوە | ڕێژەی گەشە و گۆڕانی دانیشتوان لە قەزای سۆران** | | پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی*** ٪ |
|---|---|---|---|
| | شارنشین ٪ | گوندنشین ٪ | |
| ١٩٨٧-١٩٩٧ | ٦،٤ | ٤ | ٢،٤ |
| ١٩٩٧-٢٠٠٩ | ٥،٩ | -٢،٦ | ٨،٥ |
| ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٢،٥ | ٢،٥ | ٠ |
| ١٩٨٧-٢٠٢٠ | ٤،٩ | ١ | ٣،٩ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە (٢)

هەروەها بە سەیرکردنی شێوەی (٦) بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشینی و گوندنشینی گەیشتۆتە ڕێژەیەکی یەکسان بە جۆرێک ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە هەریەک لە شارەکان و گوندەکان بریتی بووە لە (٢،٥٪)، و پوختەی کۆچ (٠٪) بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ کەوا بارودۆخی گوندەکان بەرەو باشتر ڕۆیشتووە و ئاوەدانیی زیاتری بەخۆەبینیوە سەرەڕای پێشکەشکردنی بەشێک لە خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر بۆ گوندەکان هاوشێوەی ئەوانەی لە شارەکاندا هەن، ئەمەش وای کرد تاڕادەیەک هاوسەنگی هەبێت لە نێوان کۆچکەرانی شارنشین و گوندنشیندا. بەڵام بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە پوختەی کۆچ لە قەزای سۆراندا پۆزەتیڤ بووە، کە بریتی بووە لە (٣،٩٪)، کەواتە سەنتەری شارنشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونەتە ناوچەیەکی ڕاکێشەری دانیشتوان لە هەمان کاتدا گوندەکان بوونەتە ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوان.

**شێوەی (٦)**

**پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای سۆران لە ماوەی (١٩٨٧–٢٠٢٠)**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٦)

**٢-کۆچکردن لە قەزای سۆرانەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی (قەزا و پارێزگاکانی تر) بە پێچەوانەوە:**

مەبەست لەم جۆرە کۆچە کۆچکردنی دانیشتوانی قەزای سۆرانە بەرەو ناحیە و قەزاکانی تری پارێزگای هەولێر و بە پێچەوانەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەربارەی کۆچ هیچ داتایەکمان دەستنەکەوتووە، بەهۆی نەبوونی داتا و زانیاری دەربارەی کۆچ لە سەر ئاستی قەزای سۆران، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی بەراوردکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای سۆران و پارێزگای هەولێر پوختەی ئەو جۆرە کۆچەمان دەستبکەوێت. هەروەک لە خشتەی (٧)دا خراوەتەڕوو، کە لە ماوەی (١٩٨٧–١٩٩٧) ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای سۆراندا (٥،٣٪) بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەمان ماوەدا لە پارێزگای هەولێر (٣،٥٪) بووە، و پوختەی کۆچ بریتی بووە لە (١،٨٪) لە هەمان ماوەدا، ئەمەش بە واتایی ئەوە دێت کەوا ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوانە، چونکە لە کاتی گەڕانەوەی دانیشتوانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان بەشێکی زۆریان لە قەزای سۆران نیشتەجێبوون، سەرەڕایی ئاسانیی دەستەبەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان، هەروەها لەو ماوەیەدا زیاتر پشت بە کشتوکاڵ دەبەسترا، کە قەزای سۆرانیش لە ڕووی بەپیتی و گونجاویی خاکەکەیەوە شوێنێکی لەبار و شیاوبوو بۆ کشتوکاڵکردن، سەرەڕایی بوونی هۆکاری سیاسی، کە وای لە دانیشتوان دەکرد بەهۆی بارودۆخی سیاسی ڕووبکەنە ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی کەمە و دوورەپەرێزەکان لە ترسی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی ڕژێمی بەعسی پێشووی عێراق. بەڵام لە ماوەی (١٩٩٧–٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای سۆران دابەزیوە بۆ (١،٣٪)، و ئەم ڕێژەیە لە پارێزگادا (٣،٧) بووە، بەمەش جیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان قەزا و پارێزگادا، و پوختەی کۆچ لەم ماوەیەدا (-٠،٦٪) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قەزای سۆران لەم ماوەیەدا ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوان بووە بەرەو بەشەکانی تری پارێزگا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر ڕووی لە شارە گەورەکان و پارێزگاکان

دەکرد بە مەبەستی دۆزینەوەی کار و خوێندن لە زانکو و پەیمانگاکان کە لە قەزای سۆراندا هەلی کارکردن زۆر کەم بوو، هەروەها زانکو و پەیمانگاکان نەبوونە، لەبەر ئەمەش کەمتر دانیشتوان ڕووی لە قەزاکە دەکرد، و بەشێکی زۆری دانیشتوان لە قەزای سۆران ڕوو لە ناوچەکانی تری دەوروبەریان دەکرد بە مەبەستی کارکردن و خوێندن سەرەڕایی گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر، چونکە قەزای سۆران لەو ماوەیەدا لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە هەژار بوو. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزا و پارێزگادا بە ڕێژەیەکی یەکسان بریتی بووە لە (٢،٥٪)، لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) بەمەش پوختەی کۆچ دەکاتە (٠٪). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆچکردن لە قەزا بۆ پارێزگا و بە پێچەوانەوە، یەکسانە.

## خشتەی (٧)

## ڕێژەی پوختەی کۆچ لە قەزای سۆران لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠)٪


| ماوە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان**** | | ڕێژەی پوختەی کۆچ لە قەزای سۆران***** ٪ |
|---|---|---|---|
| | قەزای سۆران ٪ | پارێزگای هەولێر ٪ | |
| ١٩٨٧-١٩٩٧ | ٥،٣ | ٣،٥ | ١،٨ |
| ١٩٩٧-٢٠٠٩ | ٣،١ | ٣،٧ | ٠،٦- |
| ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٢،٥ | ٢،٥ | ٠ |
| ١٩٨٧-٢٠٢٠ | ٣،٦ | ٣،٣ | ٠،٣ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە پاشکۆی ژمارە (١)

لە ماوەی(١٩٨٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزادا (٣،٦٪) بووە، لە هەمان ماوەدا بە جیاوازییەکی کەم ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگادا (٣،٣٪) بووە، بڕوانە شێوەی (٧). لەو ماوەیەدا پوختەی کۆچ بریتی بووە لە (٠،٣٪) واتە لە بەرژەوەندیی قەزادا بووە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە قەزای سۆران بەپێی پارێزگا ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوان بووە.

## شێوەی (٧)

## ڕێژەی پوختەی کۆچ لە قەزای سۆران لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠)٪




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٧)

**دووەم: کۆچی نێودەوڵەتی**

مەبەست لێی جوولەی دانیشتوانە بە شێوەیەک سنووری سیاسیی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک ببڕێت. بەهۆی هەردوو فاکتەری ڕاکێشان و فاکتەرەکانی پاڵنان کە کاردەکەنە سەر کۆچکردن زۆرجار ئەو ناوچەی کۆچی لێوە دەکرێت ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانە، بە پێچەوانەشەوە ئەو ناوچەی کۆچی بۆ دەکرێت ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوانە. (إسماعیل، ١٩٩٧، ص٩٦) دانیشتوان بە مەبەستی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی یان کاتی سنووری دەوڵەتێک یان زیاتر دەبڕن، ئەمەش تەنها بریتی نییە لەو کۆچانەی کە لە نێوان دوو دەوڵەتی هاوسێ ڕوودەدەن، بەڵکو ئەو کۆچانەش دەگرێتەوە کە لە نێوان کیشوەرەکان ڕوودەدەن. (شواني، ٢٠٠٧، ل٥٠) کۆچی دەرەکی زۆر جار لە کۆچی ناوخۆیی قورسترە بەهۆی ئەوەی مەوداکەی دوورترە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی کۆچبەری نێودەوڵەتی بە کێشەکانی دەرچوون و چوونەژوورەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. (السعدي، ٢٠١٤، ص٣٠٦) کۆچکردن بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، کە دواتر چەندین ئەنجامی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لێ دەکەوێتەوە چ لە وڵاتی کۆچلێکراوو یان وڵاتی کۆچبۆکراو. داتای کۆچی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی قەزا دەستناکەوێت، و لە زۆربەی کاتدا ئەو جۆرە کۆچە بە شێوەی نایاسایی ئەنجامدراوە و بە شێوەی فەرمی تۆمارنەکراوە (حسین، ٢٠٠٩، ص٨٥، ٨٦)، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها توانیمان داتای ئاوارە گەڕاوەکان بەدەستبخەین کە لە وڵاتانی (ئێران، تورکیا، هاندەران) کوچیان کردووە لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە بۆ قەزای سۆران لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١–٢٠٢٠)، بە پێی ئەو داتایانە بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی پەنابەرە گەڕاوەکان ئەوانەی لە قەزای سۆران نیشتەجێبوون بریتییە لە (٧٣٩٦) خێزان، کە ژمارەیان (٣٦٧٠٤) کەس بوون. بە سەیرکردنی خشتەی (٨) بۆمان دەردەکەوێت پەنابەرەکان بە شێوەیەکی جیاواز دابەشبوونە بەسەر ناحیەکانی قەزای سۆران و تێیدا نیشتەجێبوونە، کە بەشی هەرە زۆریان لە سەنتەری ناوەند نیشتەجێبوون بە ڕێژەی (٨٣٪) کۆی پەنابەرە گەڕاوەکانی قەزای سۆران. ناحیەی دیانا بە ڕێژەی (١٥٪) لە کۆی

پەنابەرەکانی قەزای سۆران تێدا نیشتەجێبووە و پلەی دووەمی وەرگرتووە لە نیشتەجێبوونی پەنابەرە گەڕاوەکانی قەزاکە، لە کاتێدا هەریەک لە ناحیەکانی خەلیفان و سیدەکان بە پلەی سێیەم دێن، کەوا هەریەک لە ناحیەکان بە ڕێژەی (١٪) کۆی ژمارەی پەنابەرە گەڕاوەکانی قەزای سۆرانیان لەخۆگرتووە. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی قەزای سۆران لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا.

**خشتەی (٨)**

**ڕێژەی ئاماری پەنابەرە گەڕاوەکانی دانیشتووی سنووری قەزای سۆران لە ساڵانی (١٩٩١-٢٠٢٠)دا**

| ناحیەکانی سۆران | پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران٪ | | پەنابەرە گەڕاوەکانی تورکیا٪ | | پەنابەرەگەڕاوەکانی هاندەران ٪ | | کۆی گشتی ٪ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خێزان | کەس | خێزان | کەس | خێزان | کەس | خێزان | کەس |
| ناوەند | ٨٢ | ٨٣ | ٩٣ | ٩٠ | ٩٤ | ٨٤ | ٨٣ | ٨٣ |
| دیانا | ١٦ | ١٥ | ٧ | ١٠ | ٥ | ١٥ | ١٥ | ١٥ |
| خەلیفان | ١ | ١ | - | - | ١ | ١ | ١ | ١ |
| سیدەکان | ١ | ١ | - | - | - | - | ١ | ١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

**سەرچاوە/** ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەران.

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەوەی کە دانیشتوانی قەزای سۆران لە ماوەی توێژینەوەدا گەشە و گۆڕانی بەرچاوی بەخۆەبینیوە، زیادبوونی سروشتی دانیشتوان کە هەردوو ڕەگەزی (لەدایکبوون و مردن) دەگرێتەوە کاریگەریی زۆریان کردووەتە سەر گەشەی دانیشتوان، بە جۆرێک لە ماوەی توێژینەوەدا تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆران (٢١.٣٪) بووە (لە هەزاردا)، لە هەمان کاتدا تێکڕای ڕێژەی مردن بریتی بووە لە (٢،٤٪) (لە هەزاردا)، تێکڕای ڕێژەکانی لەدایکبوون و مردن لە ماوەی توێژینەوەدا لە کاتێکەوە بووکاتێکی تر جیاواز بووە بە جۆرێک بەرزی و نزمیی زۆری بەخۆەبینیوە، کە تێکڕای ڕێژەی گەشەی سروشتی لە قەزای سۆراندا (١٨.٩٪) (لە هەزاردا) بووە. هەروەها دیاردەی کۆچ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر گەشە و گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان لە ماوەی توێژینەوەدا، بە تایبەت کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بە جۆرێک ڕێژەی گەشەی شارنشینەکان ساڵانە گەیشتۆتە (٤،٩٪) لە بەرانبەردا ڕێژەی گەشەی گوندنشینەکان لە هەمان ماوەدا (١٩٨٧-٢٠٢٠) بریتی بووە لە (١٪)، و پوختەی کۆچ (٣،٩٪) کەواتە پوختەی کۆچ لەو ماوەیەدا پۆزەتیڤ بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا شارەکانی ناوچەی توێژینەوە ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوانن لە ماوەی توێژینەوەدا بە پێچەوانەوە گوندەکانی قەزاکە ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی. هەروەها قەزای سۆران بە پێی پارێزگای هەولێر ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوانە چونکە پوختەی کۆچ بریتی

بووە لە (٠،٣٪) لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا. کۆچی دەرەکی لە بەرژەوەندیی قەزای سۆراندا بووە بەوەی لەم کۆچەدا قەزای سۆران ناوچەی ڕاکێشەر بووە نەوەک وەدەرنەر، کۆچی دەرەکی کاریگەری زیاترە بە بەراورد بە کۆچی ناوخۆ، چونکە کۆچی دەرەکی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بە تایبەت دوای گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان لە هەریەک لە وڵاتانی (ئێران، تورکیا و هاندەران) لە ساڵانی (١٩٩١–٢٠٢٠) و نیشتەجێبوونیان لە یەکە کارگێڕییە جیاوازەکانی قەزای سۆران، کە سەرجەمیان (٧٣٩٦) خێزان و ژمارەیان (٣٦٧٠٤) کەس بوون، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە سیاسییەکان بە پلەی یەکەم کە کاری کردووتە سەر دیاردەی کۆچکردن لە قەزاکەدا لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا.

## ٢–ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر گەشەی دانیشتوان

کۆمەڵێک هۆکار کاردەکەنە سەر گەشەکردنی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەک، هاوشانی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان وەک زیادبوونی سروشتی و کۆچ و چەندین هۆکاری تری سروشتی و مرۆیی لە پشتەوەیە، کەوا گرنگترینیان بریتین لە:–

**١-٢ هۆکارە سروشتییەکان:** کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە گەشەکردنی دانیشتوانی قەزای سۆران وەک شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو، کە هەموو ئەمانە بەیەکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، واتە هەموو ئەم ڕەگەزانە ئاوێتەی یەکترن و ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە. قەزای سۆران لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕووبەرە فراوانەکەیەوە کە بە پلەی دووەم دێت لە کۆی گشتی ڕووبەری پارێزگای هەولێر. وێڕای تێپەڕبوونی ڕێگای هاملتۆنی ستراتیژی بە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا کە (هەرێمی کوردستان و عێراق بە وڵاتی ئێران) دەبەستێتەوە، گرنگییەکی زۆری بە ناوچەکە بەخشیوە و بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان بەرەو ناوچەکە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی دانیشتوانی. هەروەها لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە هەڵکەوتەی سروشتی جوگرافیای قەزای سۆران کەوتووەتە ناوچەی چیا پێچئالۆزەکان، (ڕواندزی، هەنارەیی، ٢٠١٧، ل١٧٣) سەرەڕایی بوونی دەشتی فراوان لە ناوچەکەدا وەک (دەشتی دیانا) ئەمەش وایی کردووە قەزاکە هەردوو تایبەتمەندیی ناوچەی شاخاوی و دەشتایی لەخۆگرتووە. و لە ڕووی ئاووهەواوە شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی بازنەی پانی و دەورەدانی بە چەندین زنجیرە شاخی بەرز و سەخت بووتە هۆی ئەوەی (ئاووهەوایەکی مامناوەندی) هەبێت، لە ڕووی ڕادەی دابارینیشەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە چوارچێوەی هەرێمی بارانی مسۆگەر، کە ساڵانە زیاتر لە (٥٠٠) ملم بارانی لێ دەبارێت. (نجم الدین، احمد، ٢٠١٩، ل٩٩) بوونی ئەم جۆرە ئاووهەوایە یارمەتیدەرە لە گەشەکردنی دانیشتوان لە قەزاکەدا بەهۆی لەباری و گونجاوی بۆ ژیان و ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ ناوچەکە و گەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەکە. سەبارەت بە بوونی دەرامەتی ئاو قەزای سۆران دەوڵەمەندە بەم دەرامەتە، کە هەردوو جۆری

ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی تێدایە، کە یەکەمیان هەریەک لە ڕووباری باڵەکیان و خەلیفان و ڕواندز دەگرێتەوە. دووەمیشیان بریتییە لە ئاوی ژێرزەوی کە لە جۆری ئاوی خاوێنە بۆ هەموو پێداویستییەکانی ناوماڵ و ئاودێری دەستدەدات. واتە قەزاکە توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەیە. سەرەڕایی پێکهاتەی جیۆلۆجیی قەزاکە کە لە چەندین پێکهاتە دروستبووە کاریگەری هەبووە لەسەر جۆری خاکەکەی و توانای دروستکردنی دامەزراوە جۆراوجۆرەکان لە قەزاکەدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ چالاکیی مرۆیی و گەشە و جێگیربوونی مرۆیی، بۆ نموونە (پارکی گۆڵان) لە شاری سۆران.

**٢-٢ هۆکارە مرۆییەکان:**

١- **هۆکاری دیمۆگرافی:** لە تەوەرەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە وردی باسی فاکتەرە دیموگرافییەکانی گەشەی دانیشتوانمانکردن لە قەزای سۆران، و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە گەشەی سروشتیی دانیشتوان، بە هەردوو ڕەگەزی لەدایکبوون و مردن لەگەڵ کۆچی دانیشتوان، بە تایبەت کۆچکردن لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ قەزای سۆران، دوو هۆکاری سەرەکیی گەشەی دانیشتوان بوونە لە قەزاکەدا، بە تایبەت ئەگەر ئاماژە بە تێکڕای لەدایکبوون بکەین لە قەزای سۆراندا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠) دا، دەبینین زیاتر لە (٢١،٣) بووە (لە هەزاردا)، کەچی لە بەرانبەردا تێکڕای ڕێژەی مردن (٢،٤) (لە هەزاردا) بووە. کەواتە ڕێژەی لەدایکبوون ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد بە ڕێژەی مردن کە ڕێژەیەکی نزمە، ئەمەش کاریگەرە لەسەر بەرزیی گەشەی دانیشتوان، سەبارەت بە کۆچیش بە بەراوردکردنی گەشەی ساڵانەی قەزا و پارێزگای هەولێر کە لە پوختەی کۆچ خستمانەڕوو، بۆمان دەرکەوت لە تێکڕای ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) بە جۆرێک پوختەی کۆچ لە بەرژەوەندیی قەزای سۆراندا بووە و بریتی بووە لە (٣،٠٪) واتە قەزای سۆران ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوان بووە.

٢- **هۆکاری مێژوویی:** ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەشەسەندنی دانیشتوانی قەزاکە، بەهۆی ئەو مێژووە درێژەی کە هەیەتی بە جۆرێک لە قەزای سۆران چەندین ناوچەی مێژووی و شوێنەواری بەدیدەکرێت بەپێی ئامارەکان زیاتر لە (٦٠) ناوچەی مێژووی و شوێنەواری لە ناوچەکەدا هەیە. (ڕواندزی، هەنارەیی، ٢٠١٧، ل١٧٦) دیارترینیان بەردەهەڵکەندراوەکەی کێلەشینە کە بە یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان دادەنرێت و دەکەوێتە ناحیەی سیدەکانی سەربە قەزای سۆران. مێژووی ئەم میلە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، (هەنارەیی، ٢٠١١، ل٩٦-٩٧) هەروەها میری میرنشینی سۆران میر (محمد کوری عیسای کەلوس بەگ) کە دانیشتووی گوندی هاودیان بووە، (٣٥٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەکەدا حوکومڕانیی کردووە، (مزوری، ٢٠١٠، ل١٦٩) هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر شارستانیەتی کۆن و ئاوەدانیی ئەو ناوچەیە.

٣- **هۆکاری خزمەتگوزاریی کارگێڕی:** یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە کاردەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان، بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزی کێشکردنی دانیشتوان دەبێت، چونکە دانیشتوان ئارەزووی نیشتەجێبوون لەم ناوچانەدا دەکەن کە زۆرترین دامودەزگا حکومی و کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکانیان تێدا کۆبۆتەوە. (ئەحمەد، ٢٠١٢، ل٢٠٠) بۆ نموونە بنیادنان و

کردنەوەی زانکۆی سۆران لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ قەزاکە و هۆکارێکە بۆ بەرزیی گەشەی دانیشتوانی ناوچەکە، قەزای سۆران گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆەبینیوە لە ڕووی جۆری یەکەکانەوە، بە جۆرێک لە ساڵی (١٩٨٧) یەکە کارگێڕییەکانی بریتی بوون لە ناحیەکانی (سەنتەر (الصدیق)، ڕواندز، دیانا، خەلیفان) بەڵام لە ئێستادا گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای سۆران لە چوار ناحیە پێکدێت، ئەوانیش (سەنتەر، دیانا، خەلیفان، سیدەکان). زۆریی ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان کاریگەریی هەیە لەسەر زیادبوونی چڕیی دانیشتوان لەناو سەنتەری یەکەکاندا، ئەمەش ئەنجامی بوونی دامودەزگا حکومی و کارگێڕی و گرنگیدانە بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان. ئەمانە بەیەکەوە وایانکرد لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا قەزاکە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەخۆبگرێت، و بووە هۆی ئەوەی کە گەشەی دانیشتوانی قەزا زیاتر بێت بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە (١٩٨٧-٢٠٢٠) کە تێکڕای گەشەی دانیشتوانی قەزا (٣،٦٪) لە پارێزگادا (٣،٣٪) بووە، کەواتە بە ڕێژەی (٠.٣٪) ساڵانە گەشەیکردووە.

٤- **هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری:** هۆکاری کۆمەڵایەتی لە قەزای سۆران کاریگەری لە هۆکارەکانی تر کەمتر نییە، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و عادات و تەقالیدە زاڵەکان بەسەر دانیشتواندا وادەکان دانیشتوان لەیەکتر کۆببنەوە و لە نزیک یەکترەوە بژین، قەزای سۆران وەک تەواوی قەزاکانی تری کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە فرەکلتوورە، بە جۆرێک هەتاکو ئەمڕۆش عەشیرەتگەری هەر باوە. لە ناوچەکەدا چەندین چین و توێژی کۆمەڵایەتیی جیاجیا نیشتەجێبوون، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی لە نێوانیاندا دروستبووە. گرنگترینیان (باڵەک و هەرکی و مزووری و ئەرگووشی و بارزانی) هەریەکەیان لە بەشێکی قەزاکەدا نیشتەجێبوون لە نزیک یەکدا، لە ناوچەکەدا هۆز و عەشیرەت و تیرەکان بە زۆری لە دەورییەک و لە یەک ناوچە کۆدەبنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکتری ژیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن. (عبدالرحمن، ٢٠١٦، ل٧٣) لە ڕووی هۆکارە ئابوورییەکانەوە هەرچەندە ڕێگاوبانەکان چڕتر بن کاریگەریی لەسەر ڕاکێشان و جێگیربوونی دانیشتوان زیاتر دەبێت، چونکە بوونی ڕێگای هەمەجۆر بەستنەوەی ناوچەکە بە ناوچەکانی تری دەوروبەرییەوە کە کارئاسانی دەکات بۆ گواستنەوەی بەروبوومەکانی کەرتی کشتوکاڵ، هەروەها بوونی ڕێگە ستراتیجییەکان کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی چەندین چالاکیی جۆراوجۆر و بازرگانیکردن و دامەزراندنی پیشەسازییەکان کە لە ئەنجامدا زۆر بوونی پێویستی بە دەستی کرێکار و ڕاکێشان و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە دامەزراندنی ناوچەی پلاندارێژراوی پیشەسازی لە شاری سۆران لە ساڵی ٢٠١١.

٥-**هۆکاری سیاسی:** فاکتەری سیاسی بە داینەمۆی گۆڕانکاریی هەلومەرجە مێژووییەکان دادەنرێت، بۆیە ناکرێت لە ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قوناغێکی تر تێبگەین بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە، ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە پرۆسەکانی گەشەکردن و جوولانەوە و کۆچکردنی دانیشتوان هەیە. (حسێن، ٢٠١٣، ل٥٨) هۆکاری سیاسی کاریگەریی هەبووە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوان

لە قەزای سۆراندا، بە تایبەت لە ئەنجامی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناحیەی گەلاڵە بۆ شاری سۆران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەک بە ناوی کۆمەڵگای گەلاڵە، هەروەها لە ئەنجامی هۆکارە سیاسییەکانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردستان بەشێکی زۆری دانشتوانی کوردستان کە پێشتر بەهۆی ناچارییان کۆچیان کردبوو بۆ دەرەوەی وڵات، دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخی سیاسی ئەو کۆچەرانە گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەشی هەرە زۆریان لە قەزای سۆران نیشتەجێبوون هەروەک لە تەوەرەی یەکەمدا بە ڕوونی باسمانکرد، کە ئەمانە بوونە هۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە و گەشەکردنیان.

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- داتاکانی لەدایکبوون و مردن لە قەزای سۆران وەک تەواوی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان هەڵە و کەم و کورتی تێدایە و وێنەیەکی ڕاستەقینە نادەن بەدەستەوە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠)دا تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە قەزای سۆراندا (٢١،٣) لە هەزاردا بووە، و تێکڕای ڕێژەی مردن لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٢٠) لە قەزادا گەیشتووەتە (٢،٤) لە هەزاردا.

٢- لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٢٠) ڕێژەی هاوسەرگیری لە نێوان (٩٢،٧٪) بۆ (٨٩،٢٪)دایە، بەڵام ڕێژەی جیابوونەوە لە هەمان ماوەدا لە نێوان (٧،٣٪) بۆ (١٠،٨)دایە، کە بێگومان ئەم بەرزیی ڕێژەیە لە هاوسەرگیریدا و کەمیی ڕێژەی جیابوونەوە، هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادبوونی ڕێژەی منداڵخستنەوە.

٣- زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی شارنشین لەسەر حیسابی دانیشتوانی گوندنشین بە جۆرێک لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی شارنشینەکان ساڵانە گەیشتۆتە (٩،٤٪)، بەڵام ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین لە هەمان ماوەدا گەیشتۆتە (١٪).

٤- لە ماوەی (١٩٨٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزای سۆران (٣،٦٪) بووە، لەو ماوەیەدا پوختەی کۆچ بریتیبووە لە (٠،٣٪) ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە قەزای سۆران بەپێی پارێزگای هەولێر ناوچەیەکی ڕاکێشەری دانیشتوان بووە.

٥- جگە لە گەشەی سروشتی و کۆچ هۆکارە سروشتییەکان و مرۆیەکانی وەک (شوێنی جوگرافی و بەرزی و نزمیی پێکهاتەی جیۆلۆجی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو) هەروەها هوکارەکانی تری (دیموگرافی و مێژوویی و کارگێری و خزمەتگوزاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان) ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەکردن و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزای سۆران.

## ڕاسپاردەکان

توێژینەوەکە بە باشی دەزانێت ئەم چەند ڕاسپاردەیەی خوارەوە بخاتەڕوو:

١- پێویستە گرنگییەکی زیاتر بدرێت بە ئەنجامدانی ئامارەکانی دانیشتوان و ئامارە ژیارییەکان، بەهۆی کەمیی زانیاری و ئامارەکانی دانیشتوان، و نادروستی و بوونی هەڵە و کەم و کورِیی زۆر لە داتا بەردەستەکان.

٢- هەوڵبدرێت گرنگیی زیاتر بە گوندەکان بدرێت لە ڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ دانیشتوانەکانیان، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە گەشەی دانیشتوانی گوندنشین و شارنشینەکاندا دروستبکرێت.

٣- پێویستە پلانی گونجاو دابنرێت لە پێناو گونجاندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەشەی دانیشتوانیدا، هەوڵی سەقامگیری و باشترکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری بدرێت لە ناوچەکەدا.

٤- ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە مەبەستی زانینی گەشەی دانیشتوان، لە ئەنجامدا دەتوانین پلان بۆ گشت خزمەتگوزارییەکان دیاریبکەین.

## پەراوێزەکان

(*) تێکڕاکانی لەدایکبوون دابەشدەکرێت بەسەر سێ دەستەی سەرەکی بەم شێوەیە:

١-تێکڕای لەدایکبوون نزم دەبێت ئەگەر ڕێژەکە لە (٢٠) لە هەزارا کەمتر بێت.

٢-تێکڕای لەدایکبوون مامناوەند دەبێت، گەر ڕێژەکەی لە نێوان (٢٠-٣٠) لە هەزارا بێت.

٣-تێکڕای لەدایکبوون بەرز دەبێت ئەگەر ڕێژەکە لە (٣٠) لە هەزارا زیاتر بێت. (سعید، ١٩٩٧، ص٣٢).

(**)ڕێژەی گەشەی شارنشینی و گوندنشینی بە یاسای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراون[(١)].

(***)بۆ دەرهێنانی ڕێژەی پوختەی کۆچی شارنشینی و گوندنشینی ئەم هاوکێشەیە بەکارهێنراوە:

ڕێژەی پوختەی کۆچ=ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشین-ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین. (جەلال، ٢٠١٦، ل٦٠١)

(****) ڕێژەکان بە یاسای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراون[(١)].

(*****)بۆ دەرهێنانی پوختەی کۆچ لە قەزای سۆران پشت بەم هاوکێشەیە بەستراوە:

(ڕێژەی پوختەی کۆچ= ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای سۆران - ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر). (محمد، ٢٠٠٥، ص١١٠)

(١) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراوە بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە: (حدیثی، ٢٠١١، ص٣٠٨).

$$r = \left(\sqrt[T]{\frac{P1}{P0}} - 1\right) \times 100$$

r = ڕێذةى طةشةى سالآنة.

T= ذمارةى سالآنى نيَوان دوو سةرذميَر.

P1= ذمارةى دانيشتوان لة دوايين سةرذميَردا.

P0= ذمارةى دانيشتوان لةسةر ذميَرى يةكةمدا.

## سەرچاوەکان

-غەفور، عەبدوڵڵا، (٢٠٠٥)، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

-محمدامین، هاوڕێ یاسین، (٢٠١٤)، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-سهاونه، فوزی عبد؛ موسا عبوده سمعه، (٢٠٠٩)، جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی هیوا ئەمین شوانی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
-تالب، جەزا تۆفیق، (١٩٩٩)، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.
-سعید،کامەران تاهیر،(٢٠١٤)،جوگرافیای عێراق(مرۆیی و چالاکی ئابووری)،چ١،چاپخانەی نارین، هەولێر.
-ممدوح، مزوری، (٢٠١٠)، مێژووی ڕواندز، چاپخانەی مناره، هەولێر.
-ئەحمەد، پشتیوان شەفیق، (٢٠١٢)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
-عبدالرحمن، لۆزان حسن، (٢٠١٦)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ فراوانبوونی ڕووبەری شاری سۆران و کاریگەری لەسەر مۆرفۆلۆجیاکەی لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر، زانکوی سەلاحەدین، هەولێر.
-رشید، یادگار خدر، (٢٠١٤)، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
-یوسف، عطا حمەلاو حەمە، (٢٠١٥)، پارێزگای هەڵەبجە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان (١٩٧٧-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
-صالح، چراخان نصرالدین، (٢٠١٥)، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
-تۆفیق، پێشرەو سەمەد، (٢٠٠٩)، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
-هەنارەیی، ڕزگار محەمەد عوسمان، (٢٠١١)، توانستە جوگرافییەکانی دروستکردنی پارێزراوە سروشتیەکان لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و گرنگیان لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
-حسێن، بێستون ئەحمەد، (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
-ئیسماعیل، سیروان حسێن، (٢٠١٥)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان لە قەزای مەخموور(توێژینەوەیەک لە جوگرافیایی دانیشتوان)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
-محمود، شاسوار محمد، (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

-شوانی، هیوا ئەمین جەلال، (٢٠٠٧)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
-تۆفیق، کامەران محەمەد، (٢٠١٥)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دەربەندیخان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
-محمد، دانا عباس، (٢٠٢٢)، نواندنی نەخشەیی بۆ دانیشتوانی قەزای پشدەر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.
-رواندزی، عمر حسن؛ ڕزگار محمد عوسمان هەنارەیی، (٢٠١٧)، دابەشبوونی شوێنی نشینگە لادێیەکانی قەزای سۆران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS)، گۆڤاری تویژەر، ژمارە(٠).
-نجم الدين، هدى صباح؛ ڕۆژان صباح أحمد، (٢٠١٩)، هەڵسەنگاندنی توانستی گەشتو گوزاریی ئەشکەوتەکانی قەزای سۆران ومێرگەسۆر (ئەشکەوتی بەستوون و شانەدەر وەکو نموونە)، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی جوگرافی.
-طالب، جەزا توفيق؛ عطا محمد علاءالدين، (٢٠٠٩)، نمو سكان قضاء هەڵەبجە ١٩٥٧-٢٠٠٢، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٦)، بەشی (B).
-نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین؛ نیاز عبدالعزيز خطاب، (٢٠١٩)، توانستە گەشتوگوزارییەکانی هەرێمە چیاییەکان (قەزای سۆران وەک نمونە)، گۆڤاری توێژەر، ژمارەی تایبەت بە کونفرانسی جوگرافی.
-أحمد، بنار عبدالوهاب؛ ارام حسن محمد؛ كامران محمد توفيق، (٢٠٢٢)، گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی زەوی لە شاری کفری بە بەکارهێنانی سیستەمی (GIS@RS).
-زانیاری جوگرافی تەکنیکی هەستکردن لە دوور، Journal of the University of Garmian،9(1).
-غەفوور، عەبدوڵڵا، (٢٠١٢)، جوگرافیای دانیشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٨٤)، هەولێر.
-جەلال، هیوا ئەمین، (٢٠١٦)، ئاراستەکانی کۆچی گوندنشینان لە قەزای کۆیە لێکۆڵینەوەک لە جوگرافیای دانیشتوان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی سێیەم، ژمارە (٩).
-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی (GIS)، نەخشەکانی کارگێڕی قەزای سۆران، ٢٠٢١.
-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، بەشی پلان دانان، هۆبەی ئامار، ئامارەکانی لەدایکبوون و مردن بۆ ماوەی(١٩٩٥-٢٠٢٠)، ٢٠٢٢، داتای بڵاونەکراوە.
-بەرێوەبەرایەتی ئاماری سۆران، (٢٠٢٢)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، بەشی پلان دانان زانیاری ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای هەولێر، بەکۆمپیوتەر چاپکراوە، بلاونەکراوە، ٢٠٢١.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروتی هەولێر، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران، بەشی لەدایکبووان و مردوانی سۆران، ٢٠٢٢، داتای بڵاونەکراوە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەرێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا بۆ ساڵی (١٩٩٧)، ٢٠٢٢.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامەکانی پرۆسەی گەماڕۆسازی ژمارەکردنی پارێزگای هەولێر، بۆ ساڵی (٢٠٠٩).

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠).

-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی داد،دادگای بەرایی سۆران، بەشی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی ژمارە و تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزای سۆران، ٢٠٢٢، (داتای بڵاونەکراوە).

-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، بەشی پلان و ئامار، ٢٠٢٢، داتای بڵاونەکراوە.

- ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، بەرێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران.

- عبدالرزاق، مظفر ڕسول، بەرێوەبەری نوسینگەی لەدایکبووان و مردوانی سۆران، / / ٢٠٢٢.

-بایز، سیران ڕسول، یاریدەدەری سەرۆکی تەندروستی هەولێر، / / ٢٠٢٢.

-محمد، خليل إسماعيل، (٢٠٠٥)، دهوك-نينوى (دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانية.

-سعيد، ابراهيم أحمد، (١٩٩٧)، أسس الجغرافية البشرية والاقتصادية، مديرية الكتب والمطبوعات الجامعية، جامعة حلب، دمشق.

-السعدي، عباس فاضل، (٢٠١٤)، جغرافية السكان، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

-لبيب، علي، (٢٠٠٤)، جغرافية السكان الثابت والمتحول،الطبعة الثانية، الدار العربية للعلوم، بيروت.

-زيني، عبد الحسن؛ عبد الحكيم القيسي؛ رفيق العلي، (١٩٨٠)، الإحساء السكاني، دار المعرفة، بغداد.

-ابو عيانة، فتحي محمد، (١٩٩٣)، جغرافية السكان اسس و تطبيقات، الطبعة الرابعة.

-محمد، خليل اسماعيل، (٢٠١٢)، السكان والمسألة السكانية في كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.

-الحديثى، طه حمادى،(٢٠١١)، جغرافية السكان، الطبعة الثالثة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة الموصل.

-الخفاف، عبد علي حسن؛ عبد مخور الريحاني، (١٩٨٦)، جغرافيه السكان، مطبعة جامعه البصرة، البصرة.

-إسماعيل، أحمد علي، (١٩٩٧)، أسس علم السكان و تطبيقاته الجغرافية، كليه الاداب جامعة القاهرة، الطبعة الثامنة مزيدة و منقحه، دار الثقافة للنشر والتوزيع، قاهرة.

-القرأن الكريم، سورة ألاسراء، ألاية ٣١.

-الخفاف، عبد علي، (٢٠٠٧)، جغرافية السكان اسس عامة، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان.

-العيسوى، فايز محمد، (٢٠٠٦)، أسس جغرافية السكان، دار المعرفة الجامعية.

-رواندزي، عمر حسن حسين، (٢٠١١)، التحليل المكاني و الوظيفي للخدمات التعليمية في مدينة سوران بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، اربيل.

-حسن، چنار محسن، (٢٠١٤)، نمو و توزيع السكان في قضاء دهوك (١٩٤٧-٢٠١٠)، رسالة ماجستير، جامعة دهوك، دهوك.

-جبار، مريم حسين، (٢٠١٢)، التحليل المكاني لنمو السكان في محافظة النجف (للمدة ١٩٩٧-٢٠١١) و تأثيراته المستقبلية، رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، الكوفة.

-توفيق، بيشرو صمد، (٢٠١٥)، التغيرات السكانية في محافظة أربيل منذ منتصف القرن العشرين(دراسة في جغرافية السكان)، أطروحة دكتوراه، جامعة الإسكندرية، مصر.

-الداوودي، ماهية محسن حسين، (٢٠٠٣)، قضاء طوز دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، جامعة تكريت، تكريت.

-الشمري، حيدر حسين عليوي، (٢٠١٨)، النمو السكاني في محافظة المثنى للمدة (١٩٩٧-٢٠٣٠)، واثرة في التنمية المستدامة، اطروحة الدكتوراه، جامعة البصرة، بصرة.

-الدوري، منيب معشان احمد حسن، (٢٠٠٤)، قضاء بلد دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، جامعة تكريت، تكريت.

-النجم، ضياء جعفر عبدالزهرة، (٢٠٠٩)، تحليل جغرافى ديموغرافي لهرم السكان في محافظة النجف (١٩٧٧-١٩٨٧-١٩٩٧)، و توقعاته عام ٢٠١٧، رسالة ماجستير، جامعة الكوفة، كوفة.

-المشهداني، مشتاق طالب إبراهيم حمادي، (٢٠٢٢)، تحليل تغيرات الديموغرافية على بعض مؤشرات التنمية البشرية في العراق للمدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)، رسالة ماجستير، جامعة الفلوجة.

-الزيادي، حسين عليوي ناصر، (٢٠٠٦)، تباين خصائص السكان و المؤشرات التنموية في مملكة البحرين للمدة (١٩٩١، ٢٠٠١)، وافاقها المستقبلية، أطروحة الدكتوراه، جامعة بغداد، بغداد.

-الدهش، هيام فاضل فتاح حميد، (٢٠١٧)، أثر الهجرة الوافدة في تغيير إستعمالات الأرض الزراعية لأطراف مدينة كربلاء المقدسة بين سنتي (٢٠٠٥-٢٠١٥)م، رسالة ماجستير، جامعة كربلاء، كربلاء.
-الجبوري، حسن علي نجم، (٢٠٠٦)، التباين المكاني لسكان الأرياف في محافظة ديالى للمدة من (٨٧-١٩٩٧)، أطروحة الدكتوراه، جامعة بغداد، بغداد.
-العبادي، إنعام سمير محي، (٢٠٠٢)، (قضاء المدائن) دراسة في جغرافية السكان للمدة (١٩٧٧-١٩٩٧)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.
-شوانى، هيوا أمين جلال، (٢٠١٥)، الهجرة و أثرها على مورفولوجية مدينة أربيل دراسة في جغرافية السكان، أطروحة الدكتوراه، جامعة صلاح الدين، أربيل.
-حسين، بيان على، (٢٠٠٩)، تحليل الجغرافى لأتجاهات النمو الحضري فى المحافظة السليمانية، أطروحة الدكتوراه، جامعة سليمانية، سليمانيه.
-محمد، خليل اسماعيل؛ بيستون احمد حسين، (٢٠١٩)، اتجاهات النمو السكاني فى مدينة رانية باقليم كوردستان العراق (دراسة في جغرافية المدن)، گوڤارى زانکۆى ڕاپەڕین، Vol.6, No.1.
-تحليل الوضع السكاني في العراق ٢٠١٢ التقرير الوطني الثاني حول حالة السكان في إطار توصيات المؤتمر الدولي للسكان والتنمية والأهداف الإنمائية للألفية.
-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان سنة ١٩٨٧، لكافة احصاء العراق.

# پاشکۆی ژمارە (١)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی قەزای سۆران (١) | ژ.دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا (٢) | ژمارەی لە دایکبووان (٣) | ژمارەی مردوان (٣) | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (١) | ژ.دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا (٢) | ژمارەی لە دایکبووان (٤-أ) | ژمارەی مردوان (٤-ب) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| *١٩٨٧ | ٦٣٦٤٤ | – | – | – | ٧٧٠٤٣٩ | – | – | – |
| **١٩٨٨ | ٦٦١٨٣ | ٦٤٩١٣ | – | – | ٧٩٧٤٠٤ | ٧٨٣٩٢١ | – | – |
| ١٩٨٩ | ٦٨٨٣٥ | ٦٧٥٠٩ | ٢٤١٧ | – | ٨٢٥٣١٣ | ٨١١٣٥٨ | – | – |
| ١٩٩٠ | ٧١٦٠٥ | ٧٠٢٢٠ | ٣٠٠٦ | – | ٨٥٤١٩٩ | ٨٣٩٧٥٦ | – | – |
| ١٩٩١ | ٨٦١٣٦ | ٧٨٨٧٠ | – | – | ٨٨٤٠٩٦ | ٨٦٩١٤٧ | – | – |
| ١٩٩٢ | ٨٩٢٩١ | ٨٧٧١٣ | – | – | ٩١٥٠٣٩ | ٨٩٩٥٦٧ | – | – |
| ١٩٩٣ | ٩٢٥٨٥ | ٩٠٩٣٨ | ٣٢٠٣ | ١٧١ | ٩٤٧٠٦٥ | ٩٣١٠٥٢ | ١٦٨٤٥ | ١٧٤٥ |
| ١٩٩٤ | ٩٦٠٢٦ | ٩٤٣٠٥ | ٢٣٢٤ | ٥٠٢ | ٩٨٠٢١٢ | ٩٦٣٦٣٨ | ١٨٤٥٦ | ١٩٤٥ |
| ١٩٩٥ | ٩٩٦٢٢ | ٩٧٨٢٤ | ٤٠٤ | ٢٩ | ١٠١٤٥١٩ | ٩٩٧٣٦٥ | ١٦٢٤٤ | ٢٢٦٤ |
| ١٩٩٦ | ١٠٣٣٨٠ | ١٠١٥٠١ | ١٢١٥ | ٤٨ | ١٠٥٠٠٢٧ | ١٠٣٢٢٧٣ | ١١٧١٩ | ٢١٢٠ |
| ١٩٩٧ | ١٠٧٣٠٧ | ١٠٥٣٤٣ | ٢١٣٥ | ٣٤٤ | ***١٠٩٠٥٩٩٢ | ١٠٧٣٠٠٩ | ٢٠٧٢٦ | ١٠٣٣ |
| **١٩٩٨ | ١١١٤١٦ | ١٠٩٣٦١ | – | ٢٠٤ | ١١٣٤٣٥٢ | ١١١٥١٧٢ | ٣٢٨٣١ | ١٨٦٢ |
| ١٩٩٩ | ١١٥٧١٣ | ١١٣٥٦٤ | – | ٥٩٩ | ١١٧٤٠٥٤ | ١١٥٤٢٠٣ | ٢٥٩٢٢ | ٥٤١٩ |
| ٢٠٠٠ | ١٢٠٢٠٩ | ١١٧٩٦١ | – | ٥٧١ | ١٢١٥١٤٦ | ١١٩٤٦٠٠ | ٤١٩٢٧ | ١٩٨٥ |
| ٢٠٠١ | ١٢٤٩١٥ | ١٢٢٥٦٢ | – | ٣٦٧ | ١٢٥٧٦٧٦ | ١٢٣٦٤١١ | ٤٣٥٩٥ | ٢١٣٩ |
| ٢٠٠٢ | ١٢٩٨٤٣ | ١٢٧٣٧٩ | – | ٢١٧ | ١٣٠١٦٩٥ | ١٢٧٩٦٨٥ | ٤٢٩٢٥ | ٢٣٦٢ |
| ٢٠٠٣ | ١٣٥٠٠٤ | ١٣٢٤٢٣ | – | ٣٥٦ | ١٣٤٧٢٥٤ | ١٣٢٤٤٧٤ | ٣٨٨١٤ | ٢٤٦٣ |
| ٢٠٠٤ | ١٤٠٤١٢ | ١٣٧٧٠٨ | – | ٧٣٨ | ١٣٩٤٤٠٨ | ١٣٧٠٨٣١ | ٤٠١٩٢ | ٢٦٢٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ١٤٦٠٧٩ | ١٤٣٢٤٥ | – | ٦١٧ | ١٤٤٣٢١٢ | ١٤١٨٨١٠ | ٣٩٥١٠ | ٢٨٨١ |
| ٢٠٠٦ | ١٥٢٠٢٠ | ١٤٩٠٤٩ | – | ٣٨٤ | ١٤٩٣٧٢٥ | ١٤٦٨٤٦٨ | ٢٥٧٩٦ | ١٨٤٠ |
| ٢٠٠٧ | ١٥٨٢٤٩ | ١٥٥١٣٤ | ١٧٣١ | ٤٨٢ | ١٥٤٦٠٠٥ | ١٥١٩٨٦٥ | ٣٧٥٧٤ | ٣١٠٧ |
| ٢٠٠٨ | ١٦٤٧٨٣ | ١٦١٥١٦ | ١٥٥٠ | ٤١٠ | ١٦٠٠١١٥ | ١٥٧٣٠٦٠ | ٤٠٣٩١ | ٣٢٩٦ |
| ٢٠٠٩**** | ١٥٥٣٤٧ | ١٦٠٠٦٥ | ١٨٢٥ | ٤٠٥ | ١٧٠٦١٨٢ | ١٦٥٣١٤٨ | ٤١٧٦٥ | ٣٢٩٥ |
| ٢٠١٠***** | ١٥٩٨٤٧ | ١٥٧٥٩٧ | ٢٨٢٠ | ٤١٢ | ١٧٥٥٦٠٦ | ١٧٣٠٨٩٤ | ٤٠٠٦١ | ٤١٢٥ |
| ٢٠١١ | ١٦٤٣٧٤ | ١٦٢١١٠ | ٢٩٠٦ | ٤٦٧ | ١٨٠٥٣١٣ | ١٧٨٠٤٥٩ | ٤٣٨٧٣ | ٥٠٨٦ |
| ٢٠١٢ | ١٦٨٩١٨ | ١٦٦٦٤٦ | ٤٦٠٩ | ٥٤٧ | ١٨٥٥٢٢٦ | ١٨٣٠٢٦٩ | ٤٤١٧٤ | ٦١٢٠ |
| ٢٠١٣ | ١٧٣٥٣٨ | ١٧١٢٢٨ | ٤٥٠٦ | ٤٨٥ | ١٩٠٥٩٧٠ | ١٨٨٠٥٩٨ | ٥٢١٠٦ | ٦٧٦٠ |
| ٢٠١٤ | ١٧٨٢٣٠ | ١٧٥٨٨٤ | ٤٩٣١ | ٣٥٤ | ١٩٥٧٤٨٦ | ١٩٣١٧٢٨ | ٥٣٧٧٧ | ٦٠٤١ |
| ٢٠١٥ | ١٨٢٩٨٠ | ١٨٠٦٠٥ | ٤٥٨٤ | ٣٧١ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ١٩٨٣٥٦١ | ٤٦٨٦٠ | ٥٩٦٩ |
| ٢٠١٦ | ١٨٧٧٨٣ | ١٨٥٣٨١ | ٤٤١٨ | ٣٤٣ | ٢٠٦٢٣٨٠ | ٢٠٣٦٠٠٨ | ٥٨١٨٥ | ٥٩٨٣ |
| ٢٠١٧ | ١٩٢٤٢٨ | ١٩٠١٠٥ | ١٦٢٦ | ٣٨١ | ٢١١٣٣٩١ | ٢٠٨٧٨٨٥ | ٥٨٣٩٢ | ٦٥٦٦ |
| ٢٠١٨ | ١٩٦٨٩٩ | ١٩٤٦٦٣ | ٣٦٢٩ | ٣٦١ | ٢١٦٢٥٠٩ | ٢١٣٧٩٥٠ | ٥١٩٨٢ | ٦٠٤٩ |
| ٢٠١٩ | ٢٠١١٨٥ | ١٩٩٠٤٢ | ٣٦٤٢ | ٤٦٤ | ٢٢٠٩٥٦٩ | ٢١٨٦٠٣٩ | ٣٦٠٢٧ | ٣٣٦٩ |
| ٢٠٢٠ | ٢٠٥٢٦٨ | ٢٠٣٢٢٦ | ٤٠٠٩ | ٣٩٨ | ٢٢٥٤٤٢٢ | ٢٢٣١٩٩٥ | ٤٧٦٩٥ | ٤٧١٨ |

**سەرچاوە:** ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە:

١-(*) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان سنة ١٩٨٧، لكافة احصاء العراق جدول رقم (٢١) و (١) ص٣-٦.

(**) استخدمت طريقه اسقاطات السكانيه بالإعتماد على طريقة الوسط الهندسى لنسبة نمو السكان خلال سنوات(١٩٨٧-٢٠٠٩) في (قضاء سوران) صديق والتى بلغت (٦،٩) او في محافظة اربيل التى بلغت (٥،٣) و ذا لک بعملية حسابيه هى (ضرب نسبه نمو × عدد السكان لكل سنة ثم يقسم انتائج على ١٠٠) انظر عبد على حسن الخفاف و عبد على المخمور الريمانى، جغرافيه السكان، مطبعة جامعه بصره، بصره، ١٩٨٦، ص١٥٢.

(***) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا بۆ ساڵی (١٩٩٧)، ٢٠٢٢.

(****) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامەکانی پرۆسەی گەماڕۆسازی ژمارەکانی پارێزگای هەولێر، ٢٠٠٩، لا(١-٣)، داتای بڵاوکراوە.

(*****)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠).

٢- ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا دەرهێنراوە بە ڕێگایی( کۆی ژمارەی دانیشتوان لەو ساڵەدا + ژمارەی دانیشتوانی ساڵی پێش خۆی) ئەنجامەکەی دابەشی ژمارە (٢) دەکەین. بڕوانە: (عبد الحسن زيني و عبد الحكيم القيسي ورفيق العلي، الإحساء السكاني، دار المعرفة، بغداد، ١٩٨٠، ص١٥٨)

٣-وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروتی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران، بەشی لەدایکبووان و مردوانی سۆران، ٢٠٢٢، داتای بڵاونەکراوە.

٤-ا-بيشرو صمد توفيق، التغيرات السكانية في محافظة أربيل منذ منتصف القرن العشرين(دراسة في جغرافية السكان)، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كليه لأداب، جامعة الإسكندرية، قسم الجغرافيا ونظم المعلومات الجغرافية، مصر، ٢٠١٥، ص٣٧٠.

٤-ب- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، بەشی پلان دانان، هۆبەی ئامار، ئامارەکانی لەدایک بوون و مردن بۆ ماوەی (١٩٩٥-٢٠٢٠)، ٢٠٢٢، داتای بڵاونەکراوە.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

| سال | قەزای سۆران | | | | | | | | | | کۆی گشتی قەزای سۆران | کۆی شار نشینی قەزا | کۆی گوند نشینی قەزا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناحیە | | | | | | | | | | | | |
| | سەنتەر | | دیانا | | خەلیفان | | سیدەکان (برادۆست) | | رواندوز | | | | |
| | شار نشین | گوند نشین( ١٩٨٧) | شار نشین | گوند نشین | شار نشین | گوند نشین | شار نشین | گوند نشین | شار نشین | گوند نشین | | | |
| ١٩٨٧ | ٥٦٦٧ | ٥٧٤٧ | ١٢٣٢٦ | ١٤٨٣٤ | ٦٠٥٠ | ٩٤٦٨ | - | - | ٨٦١٦ | ٩٣٦ | ٦٣٦٤٤ | ٣٢٦٥٩ | ٣٠٩٨٥ |
| ١٩٨٨ | ١٢٢٠١ | | ١٢٧٣٣ | ١٥٣٢٣ | ٦٢٥٠ | ٩٧٨٠ | - | - | ٨٩٢٦ | ٩٧٠ | ٦٦١٨٣ | ٤٠١١٠ | ٢٦٠٧٣ |
| ١٩٨٩ | ١٣٠٤٢ | | ١٣١٥٣ | ١٥٨٢٩ | ٦٤٥٦ | ١٠١٠٣ | - | - | ٩٢٤٧ | ١٠٠٥ | ٦٨٨٣٥ | ٤١٨٩٨ | ٢٦٩٣٧ |
| ١٩٩٠ | ١٣٩٤١ | | ١٣٥٨٧ | ١٦٣٥١ | ٦٦٦٩ | ١٠٤٣٦ | - | - | ٩٥٨٠ | ١٠٤١ | ٧١٦٠٥ | ٤٣٧٧٧ | ٢٧٨٢٨ |
| ١٩٩١ | ١٤٩٠٢ | | ١٤٠٣٥ | ١٦٨٩١ | ٦٨٨٩ | ١٠٧٨٠ | ١١٠٦ | ١٠٥٣٠ | ٩٩٢٥ | ١٠٧٨ | ٨٦١٣٦ | ٤٦٨٥٧ | ٣٩٢٧٩ |
| ١٩٩٢ | ١٥٩٣٠ | | ١٤٤٩٨ | ١٧٤٤٨ | ٧١١٦ | ١١١٣٦ | ١١١٨ | ١٠٦٤٦ | ١٠٢٨٢ | ١١١٧ | ٨٩٢٩١ | ٤٨٩٤٤ | ٤٠٣٤٧ |
| ١٩٩٣ | ١٧٠٢٩ | | ١٤٩٧٦ | ١٨٠٢٤ | ٧٣٥١ | ١١٥٠٣ | ١١٣٠ | ١٠٧٦٣ | ١٠٦٥٢ | ١١٥٧ | ٩٢٥٨٥ | ٥١١٣٨ | ٤١٤٤٧ |
| ١٩٩٤ | ١٨٢٠٤ | | ١٥٤٧٠ | ١٨٦١٩ | ٧٥٩٣ | ١١٨٨٣ | ١١٤٢ | ١٠٨٨١ | ١١٠٣٥ | ١١٩٩ | ٩٦٠٢٦ | ٥٣٤٤٤ | ٤٢٥٨٢ |
| ١٩٩٥ | ١٩٤٦٠ | | ١٥٩٨١ | ١٩٢٣٣ | ٧٨٤٤ | ١٢٢٧٥ | ١١٥٤ | ١١٠٠١ | ١١٤٣٢ | ١٢٤٢ | ٩٩٦٢٢ | ٥٥٨٧١ | ٤٣٧٥١ |
| ١٩٩٦ | ٢٠٨٠٢ | | ١٦٥٠٨ | ١٩٨٦٨ | ٨١٠٣ | ١٢٦٨٠ | ١١٦٧ | ١١١٢٢ | ١١٨٤٣ | ١٢٨٧ | ١٠٣٣٨٠ | ٥٨٤٢٣ | ٤٤٩٥٧ |
| ١٩٩٧ | ٢٢٢٣٧ | | ١٧٠٥٣ | ٢٠٥٢٣ | ٨٣٧٠ | ١٣٠٩٨ | ١١٨٠ | ١١٢٤٤ | ١٢٢٦٩ | ١٣٣٣ | ١٠٧٣٠٧ | ٦١١٠٩ | ٤٦١٩٨ |
| ١٩٩٨ | ٢٣٧٧١ | | ١٧٦١٦ | ٢١٢٠٠ | ٨٦٤٦ | ١٣٥٣٠ | ١١٩٣ | ١١٣٦٨ | ١٢٧١١ | ١٣٨١ | ١١١٤١٦ | ٦٣٩٣٧ | ٤٧٤٧٩ |
| ١٩٩٩ | ٢٥٤١١ | | ١٨١٩٧ | ٢١٩٠٠ | ٨٩٣١ | ١٣٩٧٦ | ١٢٠٦ | ١١٤٩٣ | ١٣١٦٨ | ١٤٣١ | ١١٥٧١٣ | ٦٦٩١٣ | ٤٨٨٠٠ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٢٧١٦٤ | ١٨٧٩٧ | ٢٢٦٢٣ | ٩٢٢٦ | ١٤٤٣٧ | ١٢١٩ | ١١٦١٩ | ١٣٦٤٢ | ١٤٨٢ | ١٢٠٢٠٩ | ٧٠٠٤٨ | ٥٠١٦١ |
| ٢٠٠١ | ٢٩٠٣٨ | ١٩٤١٧ | ٢٣٣٧٠ | ٩٥٣٠ | ١٤٩١٣ | ١٢٣٢ | ١١٧٤٧ | ١٤١٣٣ | ١٥٣٥ | ١٢٤٩١٥ | ٧٣٣٥٠ | ٥١٥٦٥ |
| ٢٠٠٢ | ٣١٠٤١ | ٢٠٠٥٨ | ٢٤١٤١ | ٩٨٤٤ | ١٥٤٠٥ | ١٢٤٦ | ١١٨٧٦ | ١٤٦٤٢ | ١٥٩٠ | ١٢٩٨٤٣ | ٧٦٨٣١ | ٥٣٠١٢ |
| ٢٠٠٣ | ٣٣١٨٢ | ٢٠٧٢٠ | ٢٤٩٣٨ | ١٠١٦٩ | ١٥٩١٣ | ١٢٦٠ | ١٢٠٠٦ | ١٥١٦٩ | ١٦٤٧ | ١٣٥٠٠٤ | ٨٠٥٠٠ | ٥٤٥٠٤ |
| ٢٠٠٤ | ٣٥٤٧١ | ٢١٤٠٤ | ٢٥٧٦١ | ١٠٥٠٥ | ١٦٤٣٨ | ١٢٧٤ | ١٢١٣٨ | ١٥٧١٥ | ١٧٠٦ | ١٤٠٤١٢ | ٨٤٣٦٩ | ٥٦٠٤٣ |
| ٢٠٠٥ | ٣٧٩١٨ | ٢٢١١٠ | ٢٦٦١١ | ١٠٨٥٢ | ١٦٩٨٠ | ١٢٨٨ | ١٢٢٧٢ | ١٦٢٨١ | ١٧٦٧ | ١٤٦٠٧٩ | ٨٨٤٤٩ | ٥٧٦٣٠ |
| ٢٠٠٦ | ٤٠٥٣٤ | ٢٢٨٤٠ | ٢٧٤٨٩ | ١١٢١٠ | ١٧٥٤٠ | ١٣٠٢ | ١٢٤٠٧ | ١٦٨٦٧ | ١٨٣١ | ١٥٢٠٢٠ | ٩٢٧٥٣ | ٥٩٢٦٧ |
| ٢٠٠٧ | ٤٣٣٣٠ | ٢٣٥٩٤ | ٢٨٣٩٦ | ١١٥٨٠ | ١٨١١٩ | ١٣١٦ | ١٢٥٤٣ | ١٧٤٧٤ | ١٨٩٧ | ١٥٨٢٤٩ | ٩٧٢٩٤ | ٦٠٩٥٥ |
| ٢٠٠٨ | ٤٦٣١٩ | ٢٤٣٧٣ | ٢٩٣٣٣ | ١١٩٦٢ | ١٨٧١٧ | ١٣٣٠ | ١٢٦٨١ | ١٨١٠٣ | ١٩٦٥ | ١٦٤٧٨٣ | ١٠٢٠٨٧ | ٦٢٦٩٦ |
| ٢٠٠٩ | ٥٢٩٥٥ | ٤٧٥٥٧ | ٨٣٦٣ | ١٨١٤٦ | ١٤١٦٧ | ٣٢٠٦ | ١٠٩٥٣ | – | – | ١٥٥٣٤٧ | ١٢١٨٦٤ | ٣٣٤٨٣ |
| ٢٠١٠ | ٥٤٤٨٩ | ٤٨٩٣٥ | ٨٦٠٥ | ١٨٦٧٢ | ١٤٥٧٧ | ٣٢٩٩ | ١١٢٧٠ | – | – | ١٥٩٨٤٧ | ١٢٥٣٩٥ | ٣٤٤٥٢ |
| ٢٠١١ | ٥٦٠٣٢ | ٥٠٣٢١ | ٨٨٤٩ | ١٩٢٠١ | ١٤٩٩٠ | ٣٣٩٢ | ١١٥٨٩ | – | – | ١٦٤٣٧٤ | ١٢٨٩٤٦ | ٣٥٤٢٨ |
| ٢٠١٢ | ٥٧٥٨١ | ٥١٧١٢ | ٩٠٩٤ | ١٩٧٣٢ | ١٥٤٠٤ | ٣٤٨٦ | ١١٩٠٩ | – | – | ١٦٨٩١٨ | ١٣٢٥١١ | ٣٦٤٠٧ |
| ٢٠١٣ | ٥٩١٥٦ | ٥٣١٢٦ | ٩٣٤٣ | ٢٠٢٧٢ | ١٥٨٢٥ | ٣٥٨١ | ١٢٢٣٥ | – | – | ١٧٣٥٣٨ | ١٣٦١٣٥ | ٣٧٤٠٣ |
| ٢٠١٤ | ٦٠٧٥٥ | ٥٤٥٦٢ | ٩٥٩٦ | ٢٠٨٢٠ | ١٦٢٥٣ | ٣٦٧٨ | ١٢٥٦٦ | – | – | ١٧٨٢٣٠ | ١٣٩٨١٥ | ٣٨٤١٥ |
| ٢٠١٥ | ٦٢٣٧٤ | ٥٦٠١٦ | ٩٨٥٢ | ٢١٣٧٥ | ١٦٦٨٦ | ٣٧٧٦ | ١٢٩٠١ | – | – | ١٨٢٩٨٠ | ١٤٣٥٤١ | ٣٩٤٣٩ |
| ٢٠١٦ | ٦٤٠١١ | ٥٧٤٨٦ | ١٠١١١ | ٢١٩٣٦ | ١٧١٢٤ | ٣٨٧٥ | ١٣٢٤٠ | – | – | ١٨٧٧٨٣ | ١٤٧٣٠٨ | ٤٠٤٧٥ |
| ٢٠١٧ | ٦٥٥٩٤ | ٥٨٩٠٨ | ١٠٣٦١ | ٢٢٤٧٩ | ١٧٥٤٨ | ٣٩٧١ | ١٣٥٦٧ | – | – | ١٩٢٤٢٨ | ١٥٠٩٥٢ | ٤١٤٧٦ |
| ٢٠١٨ | ٦٧١١٨ | ٦٠٢٧٧ | ١٠٦٠٢ | ٢٣٠٠١ | ١٧٩٥٦ | ٤٠٦٣ | ١٣٨٨٢ | – | – | ١٩٦٨٩٩ | ١٥٤٤٥٩ | ٤٢٤٤٠ |
| ٢٠١٩ | ٦٨٥٧٩ | ٦١٥٨٩ | ١٠٨٣٣ | ٢٣٥٠٢ | ١٨٣٤٧ | ٤١٥١ | ١٤١٨٤ | – | – | ٢٠١١٨٥ | ١٥٧٨٢١ | ٤٣٣٦٤ |
| ٢٠٢٠ | ٦٩٩٧١ | ٦٢٨٣٩ | ١١٠٥٣ | ٢٣٩٧٩ | ١٨٧١٩ | ٤٢٣٥ | ١٤٤٧٢ | – | – | ٢٠٥٢٦٨ | ١٦١٠٢٤ | ٤٤٢٤٤ |

**سەرچاوە:** ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە: هەمان سەرچاوەکانی پاشکۆی ژمارە (١)

**ملخص**

تعد الجغرافيا السكانية من أهم موضوعات الجغرافيا البشرية، وكانت دراسة السكان محل اهتمام الباحثين منذ العصور القديمة، لقد اهتموا بالقضايا السكانية من حيث (العدد والحجم والكثافة والتركيب وأنماط التوزيع)، حتى يتمكنوا من إجراء تقييم كامل للمناطق التي يعيش فيها السكان، من أجل تحديد المشاكل وإيجاد الحلول المناسبة. هذه الدراسات مهمة لأنه يمكن استخدامها لتحديد النمو السكاني لاية منطقة، مما يساعد على صياغة خطة علمية مناسبة لخدمة السكان بشكل أفضل، لقد تغير سكان منطقة الدراسة كثيرًا من حيث النمو السكاني خلال فترة الدراسة بسبب الزيادات الطبيعية (الولادة والوفاة) والزيادات غير الطبيعية (الهجرة) وهذا يتطلب البحث لتحديد وتحليل أهم التغييرات في حجم السكان وأسبابها. والهدف من ذلك هو تحليل النمو السكاني وتقديم البيانات والمعلومات حول هذا الموضوع، بحيث يمكن استخدامها من قبل المسؤولين في المنطقة من أجل وضع الخطط المناسبة لتطوير المنطقة وتقديم أفضل الخدمات لسكان، وللوصول إلى نتائج البحث وبناء على الاستنتاجات قمنا بتقسيم البحث إلى مقدمة ومبحثين بالإضافة إلى الاستنتاجات والتوصيات.